زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شارەدێی کەورگۆسک

## لێکۆڵینەوەیەکی - سیاسی- ئابوری – کۆمەڵایەتیە

## لە نێوان ساڵانی 1986-2019

**(پرۆژەی دەرچوون)**

**پێشکەش بە بەشی (مێژوو)ی کۆلێژی ئاداب کراوە،**

**وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوو**

**ئامادەکردنی قوتابی:**

**حەسەن خان قادر**

**بەسەرپەرشتی:**

**مامۆستا: شەرمین کەریم عەبدولرەحمان**

Comment [h1]:

**١٤٤٥ کۆچی** **٢٠٢٤زاینی** **٢٧٢٤کوردی**

ووته:

((هەر کەسێک مامۆستایەکی نەبێتن، شەیتان دەبێتە مامۆستای))

ئیمامی غەزالی

# پێشکەشە بە

- بە باوکی خۆشەویستم هێمای هێز و لێبوردەیی.
- بە دایکی میهرەبان و هەمیشە بەخشندە.
- بە خوشک و برایەکانم.
- بەسەرپەرشتیاری تویژینەوەکەم(م.شەرمین کەریم) کە ئەرکی سەرپەشتیکردنی تویژینەوەکەی گرتە ئەستۆ.
- رۆڵەی شەهیدان و هەموو خەڵکی کوردستان.

## سوپاس و پێزانین


- سەرەتا سوپاسێکی بێ پایان بۆ خودای مەزن، کە هەمیشە یارمەتی داوم. بە تایبەت لە پرۆسەی خوێندن سەری خستم.
- سوپاسی دایک و باوک و خوشک و براکانم دەکەم کە لە گشت قۆناغەکاندا هاوکار و هاوخەم و هاوڕێگای کاروانی خوێندنم بوون و شوێن پەنجەیان لە سەرکەوتنەکانم دا دەبینرێت .
- سوپاسێکی تایبەت بۆ مامۆستا ماندوو نەناس(م.شەرمین کەریم) کە ماوەی چوار ساڵ بەردەوام پاڵپشت و یارمەتی داوین، وەک برا و مامۆستا و هاوڕێ. هەمیشە هاوخەوم و خەم خۆرمان بووە.
- بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە تەنها وشەیەکیش بێت هاوکار بوون.

# پێرست


پێشکەشه به................................................................ ب
سوپاس و پێزانین................................................................ج
پێرست................................................................٥
پێشەکی................................................................ ١
تەوەری یەکەم/ جوگرافیا و شوێنەی خزمەتگوزارییەکان:................................ ٣
(1ڕووی جوگرافیایەوە:................................................................ ٣
(2دراماته ئاوییەکانی کەورگۆسک:................................................ ٤
أ-ئاوی سەر زەوی................................................................ ٤
1. زێی گەورە:................................................................ ٤
ب-ئاوی ژێر زەوی:................................................................ ٦
1. کانیاو:................................................................ ٦
2. بیرەکان ................................................................ ٧
.3کارێزەکان ................................................................ ٧
٣)مێژوو و ناوی کەورگۆسک:................................................ ٨
٤)لەڕووی کارگێریەوە:................................................................ ٩
٥)پرۆژه خزمەتگوازیه سەرەتایەکانی کۆمەڵگای کەورگۆسک:................................ ١٠
دامەزراوه میرییەکانی کۆمەڵگای کەورگۆسک................................................ ١١
(6بنکەی تەندروستی کەورگۆسک................................................ ١٢
(7خزمەت گوزارییەکانی دیکه................................................ ١٢
(8دابەشبوونی دانیشتوان کەورگۆسک................................................ ٢٢
تەوەری دووەم/ ڕۆڵی کەورگۆسک له پێش هاته سیاسیەکان لەساڵی ١٩٨٦ تاوەکو ٢٠١٩......... ٢٤
یەکەم:ڕۆڵی کەورگۆسک له پێش هاته سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩١........................... ٢٤
دووەم:ڕۆڵی کەورگۆسک له پێش هاته سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی لەنیوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ ٢٦
سێیەم:ڕۆڵی کەورگۆسک له پێش هاته سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی لەنیوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٩ ٢٩
تەوەرەی سێیەم ڕۆڵی ئابوری کەورکۆسک ................................................ ٣١
١-کشتوکاڵ ................................................................ ٣١

بەرووبومە دانەوێڵەییەکان ........ ٣٢
-2سامانی ئاژەڵ: ........ ٣٦
ئەو ئاژەڵانەی لەناوچەی کەورگۆسک بەخێو دەکرێن: ........ ٣٧
٣-بازرگانی ........ ٣٩
-4پیشەوەر و گارگەکان:- ........ ٤٠
مێژوو سەرهەڵدانی ئاشە ئاوییەکان: ........ ٤٠
شوێنی ئاشی شێخی چۆلی: ........ ٤١
پێکهاتەو بەشەکانی ئاشی ئاو ........ ٤١
تەوەرەی چوارەم، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کەورگۆسک: ........ ٤٣
-1پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان ........ ٤٣
أ-ژن و ژنخوازی وداب و نەریتی ژن گواستنەوە لەشاردێی کەورگۆسک ........ ٤٤
جۆرەکانی ژن هێنان ........ ٤٤
-1ژن بەژنی ........ ٤٤
٢-شیربای ........ ٤٤
-3ژن هەڵگرتن ........ ٤٥
٤-جۆرێکی دیکەی خواستن بەهۆی دڵداری: ........ ٤٥
ب-ئاهەنگ و شێوازی ژن گواستنەوە لە شارەدی کەورگۆسک: ........ ٤٦
.1شای شادی: ........ ٤٦
.2گۆرانی بوک گواستنەوە ........ ٤٧
-2شێوازی جل و بەرگ ........ ٤٧
-3جەژن بۆنەکان لە ناوچەی کەورگۆسک ........ ٥٠
١.جەژنی ڕەمەزان: ........ ٥٠
دەرئەنجام: ........ ٥٢
لیستی سەرچاوەکان: ........ ٥٣
پاشکۆ ........ ٤٩

# پێشەکی:

ئاشکرایە کوردستان خاوەن پێنج پارێزگاو ژمارەیەکی زۆر ناحیەو قەزایە، وە هەروەها خاوەن ژمارەیەکی زۆر گوندە(لادێ)، ئێمە لە میانەی ئەم توێژینەوە زانستیە هەوڵدەدەی باس لەیەکێک لە شارەدێیەکانی کوردستان بکەین، ئەویش بریتیە لە شارەدێی (کەورگۆسک).

کەورگۆسک یەکێکە لە ناحیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە قەزای خەباتە ئەم ناحیەیە (٢٥)کم لەشاری هەولێر دوورە، وە کەوتوتە سەر زێی گەورە، ئێمە بۆیە توێژینەوەمان لەسەر ئەم بابەتە هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەمیانەیدا یەکێک لە شارەدێیەکانی کوردستان بناسین. چونکە ئەم شارەدێیە یەکێکە لەشارە دێیەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم شارە دێیە جگە لەوەی لەڕووی ئابوریەوە گرنگی تایبەتی هەیە، وە یەکێکە لە شارەدێیە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە سەر زێی گەورە، جگە لەوەش ئەم شارە دێیە لەمێژووی ڕزگاری خوازی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەربۆیەش چەندین جار لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وێران کراوە، چونکە لانکەی شۆڕش و پێشمەرگەی هەبووە وەکو گوندەکانی تری کوردستان، ئەم توێژینەوەشمان لە چوار بەش پێک هاتوە لەبەشی یەکەم سێ باس لەخۆی دەگرێت، کە هەڵوەستەمان لەسەر مێژووی کەورگۆسک و هەروەها لایەنی جوگرافیای و کارگێڕی کردووە، هەروەها لەبەشی دووەم  باسمان لە ڕۆڵی کەورگۆسک لە پێش هاتە سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦تاوەکو٢٠١٩کردوە ، هەروەها لەبەشی سێیەم دا کە چوار باس لەخۆ دەگریت باسمان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و وە بازرگانی. وە هەروها پیشەگەری و کارگێڕیەکان کردووە ، وە لەبەشی چوارەم کە لەم میانەدا دوو باسی لەخۆ گرتوە کە تێدا باسمان لە هۆزو حەشیرەتەکانی ناوچەکە کردوە لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایتیەکانی نێوان هۆزو حەشیرەتەکانی ناوچەکە، لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە توشی چەندین کۆسپ و گرفت بووین، بەتایبەت لەلایەنی بەدەست هێنانی داتاو زانیاری. بەهۆی ئەوەی کەوا ناحیەی کەورگۆسک ناحیەکی تازەیەو لەساڵی ٢٠٠٨دا بووە بە ناحیە و لە قەزای خەبات جیا بۆتەوە. هەروەها کەمتەرخەمی و هاوکاری نەکردنی

پێوستی فەرمانگە و دائیرە حکومیەکان بۆ ئێمەی توێژەران سەبارەت بە پێدانی داتاو زانیاری پێوست، وە زۆربەی ئەو سەرژمێریانەی بۆ ناوچەکە کراوە جیاوازە هەریەکە لە دائیرەکە ژمارەیەکی جیاواز دەدات، هەر بۆیە لە نەبوونی زانیاری تەواو سەبارەت بە کەورگۆسک توێژینەوەکەمان زیاتر پشتی بەکاری مەیدانی بەستووە لە ناوچەکە. گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەئیمە لەمیانەی ئەو توێژینەوەیە پشتمان پی بەستووە چەندین پیاوی ڕیش سپی شارەدێیەکە بوون ئەوانیش (عوسمان عەزیز و ئیبراهیم ڕەسول و صەدیق محمد ڕەشکە)وە هەروەها چەندین مامۆستای شارەدێیەکەمان وەرگرتووە کە لەبواری پەروەردە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، وەکو(نەریمان جلال، ادریس حسن، نصرالدین عوسمان ...هتد) پشتمان بەچەندین کتێب بەستووە لەوانە(مێژووی هۆزی زاری، مێژوو دەشتی هەولێرو، جوگرافیای کوردستان، جوگرافیای باشوری کوردستان....هتد) وە سودمان لە چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا وەرگرتووە، لەوانەش(ڕووپێوی شوێنەواریە کەلەپوورییەکانی شارەدێی کەورگۆسک، توانستەکان و گەشەپێدانی لادێی لە قەزای دەشتی هەولێر، توانستە جوگرافیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵی لەقەزای ئاکرێ...هتد) وە ئەم توێژینەوەیە پاشکۆیەک لەخۆ دەگریت کە پێک هاتووە لە وێنەی بنکەی تەندروستی کەورگۆسک وە کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای سوریان وە شارەدێی کەورگۆسک وە ئاشی ئاوی شێخی چۆلی وە لە کۆتایشدا (بێگومان هەموو کارو کردەوەیەکی مرۆڤ کەکردونی دوورنین لە هەڵە تەنها کاری بێ هەڵە کاری خودایە، بۆیە لە هەر بونی هەڵەیەک لە توژینەوەکەمان بمان بەخشن).

## تەوەری یەکەم/ جوگرافیا و شوێنەی خزمەتگوزارییەکان:

### ١) ڕووی جوگرافیایەوە:

لەڕووی جوگرافیایەوە، ناوچەکە بەشێکە لەسنوری جوگرافیای پارێزگای هەولێر، ٢٥کم لە پارێزگاکەو دوورە، بەم پێیە دەکەوێتە زێی گەورە لەباکوری خۆرئاوای قەزای خەبات هەڵکەوتوە([١]) ناحیەی کەورگۆسک بەقەزای خەباتەوە لە(١٧) قەزا پێکهاتووە، سەنتەرەکە بریتیە لە کۆمەڵگای کەورگۆسک ڕووبەرەکەی بریتیە لە(١٠٨٠٤)کم دووجا([٢])دەکەوێتە نێوان هێڵی بازنیەکانی (٢٤.٣٦)(٣٦.٤٢) باکور و هێڵی درێژی(٣٥.٤٣)(٣٩.٥٠) ڕۆژهەلات لە باکوری ناحیەی دارەشەکرانە، لەڕۆژهەلاتەکەی ناحیەی بەحرکەیە، بەشی باشور باشوری ناوچەکە ناحیەی ڕزگارییە، وە زێی گەورەش دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەکە، لەڕووی جوگرافیا دەکەوێتە ناوچەیەکی نیمچە بەرز، تارادەیەک تەختە وە ڕاستایەکی کەمترە لەناوچەکانی دیکەوە ([٣]) دابارین لە کەورگۆسک وەکوو هەموو ناوچەکانی تری پارێزگای هەولێرە، لەوەرزەکانی زستان و بەهار و پایز دەبارێت، بڕی دابارینەکەش لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر وە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت، کە پشت دەبەستێت بەژمارەی تۆپەڵە هەواییەکان و سروشتی بەرزو نزمی بەگشتی، ڕێژەی بڕی باران ساڵانە لەنێوان (٢٥٠_٣٠٠)ملم وە سەبارەت بە پلەی گەرمی ناوچەکە بەهەمان شێوەی سنوری پارێزگای هەولێرە زستانی باراناوی و ساردە و هاوینی وشک و گەرمە پلەکانی گەرما لە نێوان(٣٨_٤٨)پلەیە، وە لەزستانیش پلەی گەرمی لە نێوان(٤_٢٥) دەبێت وە سەبارەت بە ڕادەی شێ لەڕۆژەکانی زستان لە نێوان(٪٦٥_٪٩٨) کەچی لە هەندێک لە وەرزەکانی، وەک هاوین لە(٪٩٨) بەهۆی کاریگەری زێی گەورە،([٤]).ئەو ناوچانەی بە لێواری زێی گەورەوەن کەش هەوا وایکردوە لەناوچەکە هەر لەکۆنەوە ژیانی تێدابێت بەڵگەش بۆ

---

[١] عەباس سلێمان سمایل، مێژوو دەشتی هەولێر، ب١، لەبڵاوکراوەکانی سەعدی شێخانی ژمارە.(٦٧)، (هەولێر٢٠٠٥)–ل١٢١

[٢] عزیز قادر،شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەکردنی قەزای خەبات لە نێوان ساڵانی٢٠٠٨–٢٠١٨، (هەولێر،٢٠٢١)،ل٦٧

[٣] کەورگۆسک. www.hawler.org، 11\1\2024

[٤] علی ئەحمەد خانم، جوگرافیا ئاوهەوا، وەرگێڕانی: گۆران ڕەشید ئیمامی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی پرۆژەی(تیشک)، ژ(٥٨)، (سلێمانی:٢٠٠٩).ل١٤.

ئەمە بوونی چەندین نشینگەی پاشماوەی شوێنەوارییە لە تەواوی سنورەکە دابەش بوون بەتایبەت ڕووبارەکان و دۆڵەکان و کانیاوەکان.([1])

**٢) دراماتە ئاوییەکانی کەورگۆسک:**

دەرامەتە ئاوییەکان ڕەگەزێکی گرنگە پێوستە بۆ چالاکیەکانی ژیانی ئابوری بەهەموو جۆرە جیاوازییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بەشێوەی کارۆئاوی. بۆیە تا پلانەکانی پەرەپێدان بەرزتربێت، پێوستیەکانی ئاو زیاتر دەبێت([2]). لەناوچەی کەورگۆسک مرۆڤ بۆ بونی ژیان سودی لەگەڵێک سەرچاوەی دراماتەکان بینوە، وە دەتوانین سەرچاوەکانی ئاو لەناوچەکە بەوشێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین([3]).

**أ- ئاوی سەر زەوی**

لە ناوچەی کەورگۆسک تەنیا بریتەیە لە زێی گەورە و ڕووبارێکی سروشتیە بەدرێژای ساڵ ئاوی لەبەر دەڕوات وە گرنگی زۆری هەیە لە لایەنی دانیشتوان و چالاکیە کشتوکاڵیەکان و (ئاژەڵ داری و ڕوەکی) لەناوچەکە وە بۆ ئاوی خواردنەوەش سوودی لێ وەردەگرن.

**١. زێی گەورە:**

لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیە و سەرچاوەی دەکەوێتە چیاکانی بینگیت و مەنگەنە. لەباکورەوە بەرەو باشور دێت  تاوەکو دەگاتە ئاوی بێخمە، لەدوایدا بەرەو باشور و ڕۆژئاوا دەروات تاوەکو لەباشور دەڕژێتە ڕوباری دیجلەوە. درێژی زێی گەورە نزیکەی ٣٩٢ کیلۆ مەتر دەبێت حەوزی ئاوڕێژی لە ٢٦  هەزار کجگ زیاترە ،تێکڕای ئاوڕیشتنی لەنێوان ٤٠-٧٠ مەتر سێگۆشەیە لە چرکەیەکدا، ڕووباڕی دیجلە لە ٣٣٪ی ئاوەکەی لەزێی گەورە بۆ دەچێت وە چەندین ئاوی دیکەش

---

[1] عبدالله غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ(٤) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،(هەولێر:٢٠٠٥) ، لا٤٥

[2] فلاح جمال واخرون ، جغرافيه العراق الطبيحيه واسكانيه ولاقتصاديه دراسه فى الجغرافيه الاقليميه المطبحه دار دجله(عمان :٢٠١٦)،ص ١٠

[3] عبدالله غەفور ،جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج،(سلێمانی:٢٠٠٨)،لا٧٠و٧١

دەرژینە زێی گەورە([١]) زێی گەورە، لەمێژوودا لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین بە زمانی خەڵکی ناوچەکە پێدەوترا (ئیلامۆنیا) لەسەرچاوە مسمارییەکان بە (زا بۆئیلۆ- زابا ئیلا )ناوی هاتووە بەواتای زێی سەروودێت لەسەردەمی ئاشوری نوێ بەشێوەی (زابا ئان تا - za_banta)هاتوە([٢]). وە سەبارەت بەو پرۆژانەی لەسەر زێی گەورە دروستکراون بریتیە لە پرۆژەی ئاوی ئیفراز کە دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژئاوای ناحیەکە کە پێک دێت لەسێ بەش:

١.ئاوی ئیفراز (١) لەساڵی ١٩٦٨ دروستکرا.

٢.پرۆژەی ئاوی ئیفراز (٢) لەساڵی١٩٨٢ دروستکرا.

٣.پرۆژەی ئاوی ئیفراز (٣)لەساڵی ٢٠٠٩ دورست کرا.

ئەم پرۆژانە رۆژانە(٢٤٧٠٠) مەتر مکعب ئاو دەگوازنەوە بۆ شاری هەولێر نزیکەی٪٦٠ ئاو بۆ شاری هەولێر دابین دەکات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کەوا ئەم پرۆژانە هیچ سودێکی بۆ ناوچەکە نیە تەنها گوندی ئیفراز نەبێت کە لەساڵی ١٩٨٦لقێکی بۆری ئاوی بۆ راکێشراوە، بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لەو پرۆژەیە کاریان کردوە([٣]) بەدرێژای مێژوو بەهۆی هاتنی لافاوی وەرزی، بۆتە هۆی دورست بوونی ئەو دەشتە لافاوکردانە، بەزۆری نیشتەنیەکان بریتین لەنیشتووی زەبری قوم و چەو ولم سەرەرای شێوەی دیکەش ئەمە وایکردوە کەوا سودی لێ وەربگرن بۆ کشتوکاڵ کەرەستە خاوەکەی بۆ مەبەستی بیناکاری پێک دێت لە چەو لم، وە بەهۆی نزیکی ئاستی زێی گەورە کشتوکاڵی کردن لەو ناوچانە ئاسانتر بووە([٤]).

[١]عبداللە غەفور،جوگرافیای کوردستان ،چ(٦)جاپخانەی هاشم، (هەولێر:٢٠١٢)،لا٦١
[٢]بارزان رەشید محمد، رووپێوی شوێنەوار و کەلەپورییەکانی سنوری شارەدێی کەورگۆسک، نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین.کۆلێژی ئەدەبیات بەشی شوێنەوری ئیسلامی،(هەولێر:٢٠٢٢)،لا٢٦
[٣]چاوپێکەوتن ،اکرم کریم عزیز، ١٩٨٥،ماموستا لە قوتابخانەی ئاخولانی تێکەڵاو، کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/١٤
[٤]بارزان رەشید، سەرچاوەی پێشوو،لا٢٦

### ب- ئاوی ژێر زەوی:

سامانێکی گرنگی ناوچەکە پێک دەهێنت ئەویش بەهۆی بارینی بەفر و بارانێکی زۆر، هەروەها بوونی ئاوی زێی گەورە و ڕووباری ئاوی ژێر زەوییە کە دەکەوێتە ناوچەی سێیەم لە ناوچەی دەشتی هەولێرە، ئاوی ژێر زەوی دەشتی هەولێر لە دۆڵی بەستۆرە دەست پێدەکات تاوەکو زوورگەکانی ڕووباری دیجلە چیای(محمود)، درێژ دەبێتەوە ئاوی یەکجار زۆرە وەکو کۆگایەکی گەورەی پڕ ئاوە([1]) لەناوچەی کەورگۆسک ئاوی ژێر زەوی هەر لەکۆنەوە بەکارهاتووە، بە مەبەستی خواردنەوە و کشتوکاڵی کردن، ناوچەکە دەوڵەمەندە بەئاوی ژێر زەوی، بەڵام لەم ساڵانەی دووایدا ئاستی ئاوی ژێر زەوی دابەزیوە بەهۆی کەمی دابارین، ئاوی ژێر زەوی لەناوچەکە بەچەند شێوازەک بەدیار دەکەوێت([2]).لەوانە:

**کانیاوەکان - بیرەکان - کارێزەکان**

### ١. کانیاو:

کانیاوەکان جاران خەڵکی گوندەکانی کوردستان بەهۆی نەبونی پڕۆژەی ئاو بیری ئیرتوازی بۆ بەدەست هێنانی ئاو پرکردنەوەی پێداویستەکانی ڕۆژانە پشتیان بەئاوی کانیاوەکان دەبەست([3]). ناوچەکە هەر لەکۆنەوە ژمارەیەک کانیاوی تێدابووە وەکو کانیاوەکانی (کانی دیوان، کانی ئەسحابان،کانی شیرە سوار،کانی کەڕەکان). ئەم کانیاوانە بوونە هۆی دامەزراندن و پەیدابوونی زۆر گوند لە دەوروبەری ئەم کانیاوانە کەبووەتە هۆی نیشینگەی دانیشتوان و پەیدابوونی چەندین جۆر کشتوکاڵ کە سودێکی زۆری گەیاندوە بە ئابوری دانیشتوان بەرزکردنەوەی ئاستی پژێوی جوتیاران ناوچەکە، بەڵام لەکاتی ئێستا کانیاوەکان ژمارەیان کەم بۆتەوەو وە گرنگیان نەماوە، ئەمەش بەهۆی کەم بوونەوەی ئاوی بڕی دابارین ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەناوچەکە([4])

---

[1] کرێکار عبدالرحمان عزیز، مێژووی زراری، چاپخانەی تاران،(تاران:٢٠٢٠)،لا١٣٤

[2] عەباس سلیمان سمایل، سەرچاوەی پێشوو ،لا١١-١٢١

[3] کرێکار عبدالرحمن عزیز ، سەرچاوەی پێشوو،لا١٢٧

[4] عەباس سلیمان سمایل، سەرچاوەی پێشوو،لا١١١

## ٢. بیرەکان

بیر یەکێکە لەشێوازە هەرە دێرینەکانی دەرهێنانی ئاو لەکوردستان، بەتایبەت لەو گوندانەی کەئاوی سەرزەوی کانی و چۆم و ڕووباریان کەمە بۆیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستەکان پەنایان بردۆتە بەر بیرلێدان([1]). لەناوچەی کەورگۆسک ژمارەیەکی زۆر بیری تێدایە کە دەکاتە نزیکەی(٥٦) بیر کە دابەش بوونە بەسەر سەنتەری ناحیەو گوندەکەکان، لە سەنتەری ناحیەکە نزیکە(٢٩) بیری هەیە ئاستی ئاوی ئەم بیرانە لەساڵێکەوە بۆساڵێکی تر لەشوێنەکەوە بۆ شوێنکی تر دەگۆڕێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕی دابارین و بەرزی و نزمی پێکهاتەی خاک، بەشێوەیەکی گشتی ناوی ئەم بیرانە بۆ زۆر مەبەستی جیاواز بەکار دێت، بەتایبەت بۆ کشتوکاڵ کردن و خواردنەوە([2]).

## ٣. کارێزەکان

شاری هەولێر بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورەو بچوک ئەمە وایکردوە ناوچەکە ببێتە خاوەن کۆگایەکی گەورەی ئاوی ژێر زەوی بۆیە دەسەڵاتداران و بەرێوبەری شارەکە بۆ نەهێشتنی کەمی باران و وشکە ساڵی دووجاری نەهامەتی و قات و قڕی نەبن کشتوکاڵ و دانەوێڵەیان لەناو نەچێت هەڵساون بە لێدانی کارێز لە دەوروبەری ناو شاری هەولێر ئەویش بۆ دابینکردنی بڕی ئاوی پێوست بۆ خواردنەوەو کشتوکاڵکرن، کارێزیش وشەیەکی فارسیە بریتیە لەو جۆگەو ئەو نۆکەندەی کە لەژێر زەمینەوە لێدەدرێت بۆ ئاوی پێدا بڕوات و ئاوەکەشی بە مەبەستی ئاودان بگەیەنرێتەوە دەرەوە واتە سەر زەوی، سەبارەت بەو کەرستانەی بۆ کارێز هەڵکەندن بەکار دەهێنران بریتی بوون لە(کوتک و قەلەم، قوڵنگ، دەولک، چەرخ، کندر، گوریس، شریت، ڕەژوو، خەلووزو چرای شیرباق)([3]). لەناوچەی کەورگۆسک بەهەمان شێوەی ناوچەکانی تری دەشتی هەولێر کارێز بوون هەبووە بەتایبەتی لە گوندی شیوەڕەش و ئاخولان وە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی شوێنەوارێکی ماوە([4]).

---

[1]کرێکار عبدالرحمان عزیز، سەرچاوەی پێشوو،لا١٢٠

[2]چاپێکەوتن ، ڕزگار ولی ،لەدایکبوونی١٩٨٠، بەرپرسی پێشووی بنکەی ئاوی کەورگۆسک، کەورگۆسک ٢٠٢٤/١/٢٠

[3]کرێکارعبدالرحمان عزیز، سەرچاوەی پێشوو لا١٣٥_١٣٧

[4]بارزان ڕەشید محمد، سەرچاوەی پێشوو(هەولێر:٢٠٢٠) لاپە ،لا٢٩

### ٣) مێژوو و ناوی کەورگۆسک:

گوندێکە دەکەوێتە زێی گەورە لەباکوری خۆرئاوای قەزای خەبات هەلکەوتووە([1])، ناوی کەورگۆسک لە کەفر (تاوێر، بەرد) گۆسک (گۆسکە)هاتووە لە کەندەلانێکی نزیک ئەم گوندە کۆسکە و جەرەو جۆرەها کەل و پەلی لەبەرد و قوڕ دروستکراو بە بەردەوامی دەردەکەوێت، ناوی گوندەکەش ئەم تەلانە یان کەندەلانە هاتووە، ئەم گوندەش هەر لەکۆنەوە هۆزی شێخ بزێنی تێدا نیشتەجێ بوونە وە هەروەها خەندەقێکی تێدایە بەناوی (خەندەقی بالول) کە تائەمڕۆ ئاسەواری ماوە دەڵێن ئەم خەندەقە پرۆژەیەکی ئاودێری سەردەمی هاڕوونە ڕەشیدە، وە ئەوەی سەرپەرشتی ئەم پرۆژەی کردوە ناوی مام خەلیفە دێوانە بووە، وە گوندی کەورگۆسک گەلێ شوێنی دێرینی کۆن ئەسەری تێدایە وەکو خراپە([2])لەبەر ئەوەی دراوێکی زۆریان لەم کاولگایە دۆزیوەتەوە بەر لەوەی دوبارە ئاوەدان ببێتەوە بۆیە ناوی بەناوی خراپە دراو ناسراوە([3])وە بۆیەکەمین جار لەلایەن بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق دوای تۆمارکردنی وەکو شوێنەوار ناسێندراوە بەژمارەی ٣٣٦ ژ، ڕۆژنامەی (٢٣٧٢)لە ١٩٤٦/٥/٢٧بە پشت بەستن بە کەل و پەلی پاشماوەی لەسەروو لێواری گردەکە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوکاتە سەردەمی گەڕێندرایەتەوە بۆماوەی فەرمان ڕاوای ئاشورییەکان([4])دوای تێپەربوونی نیو سەدەیەک بەسەر ئەم تۆمارکردنە دوبارە ڕووپێوی بۆ ناوچەکە کراوە لە چوارجێوەی ڕووپێوی شوێنەواری دەشتی هەولێر، لەلایەن بەرێوبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەولێر بە هاوکاری زانکۆی(هارڤارد)ی ئەمریکی لەئەنجامە سەرەتاییەکاندا گەیشتونە ئەوەی گردەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین و سەردەمی برۆنزی نیشینگەکانی سەردەمی ساسانی و سەرەتای سەردەمی ئیسلامی، ئەمانە دواین زانیارین کە تائێستا بەدەست گەیشتبن لەسەرناو و مێژووی کەورگۆسک.

---

١. عباس سلێمان سمایل، سەرچاوەی پێشوو ل١٢١
٢. م.یوسف سعدی فاروق یوسف شێخ بزێنی، شاری هەولێر ، چاپخانەی ژیان، (هەولێر، ٢٠٠٦)،ل٣٩-٤٠.
٣. بارزان رشید ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٣٧.
٤. مدریە الاثار،العامە المواقع الاثریە فی العراق ،من مطبوعات مدریە الاثار العامە بالعربیە،(بغداد:١٩٧٠)،ص١٩

### ٤) لەڕووی کارگێڕیەوە:

لەڕووی کارگێڕیەوە ناحیەی کەورگۆسک سەربەقەزای خەباتە،قەزای خەباتیش سەر بەپارێزگای هەولێرە لە(١٧) گوند پێک هاتوە کە ئەمانەن (کەورگۆسک، شیوەرەشی کۆن، گردەشێر، خراراپەدراو، گاینی گەورە، گاینی بچوک، گاینجی راستی، گاینجی سەربەستی، شیوەرشی دیوان، شیوەرشی حاجی فەیسل، مامەلۆک، ئاخولان، ئاخولان هەرکی، ئاخولان سحید، سمایلاوە، ئیفراز کەمال، ئیفراز میران). ئەم گوندانە لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بەناحیەی کەورگۆسکن وە سەنتەری ناحیەش دەکەوێتە کەورگۆسک، لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە ناحیەیە، شایەنی باسە ئەمانەی لەساڵی ٢٠٠٨ تاوەکو ئێستا ئەمانە خوارەوە وەکو بەرێوبەری ناحیەکە کاریان کردوە(١).

- سیروان محمد خضر لە ٢٠٠٨ /٥/٢٦ تاوەکو ٢٠٠٨/٨/٦
- حیاە عیسی شێخان لە ٢٠٠٨ /٨/٦ تاوەکو ٢٠١٢/١٢/٢٢
- جمال احمد اومر لە ٢٠١٢/١٢/٢٣ تاوەکو ٢٠١٧/٢/٢١
- صائب هارون رشید لە ٢٠١٧/٢/٢١ تاوەکو ٢٠١٨/١٠/١٨
- احمد نبی اسماعیل لە ٢٠١٨/١٠/١٨ تاوەکو ٢٠١٩/٣/٤
- سوارا اکرم حمد لە٢٠١٩/٣/٤ تاوەکو ٢٠٢٠/٦/١٠
- احمد نبی اسماعیل لە٢٠٢/٦/١٠ تاوەکو ٢٠٢٢/٩/٥
- ئەفسەری پۆلیس سنگر خضر محمد وەکالەت لە٢٠٢٢/٩/٥ تاوەکو و ٢٠٢٢/١٢/١٨
- حیاە عیسی شێخان لە٢٠٢٢/١٢/١٨ تاوەکو ئێستا بەردەوام

---

١. چاوپێکەوتن ،هاوڕێ ابراهیم، لەدایکبوی ١٩٨٦، فەرمانبەر لە بەرێوبەرایەتی ناحیەی کەورگۆسک، کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/١٨

### ٥) پرۆژە خزمەتگوازیە سەرەتایەکانی کۆمەڵگای کەورگۆسک:

**١- پرۆژەی ئاوی:** هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەرۆ و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەلێک پرۆژەی لە کۆمەڵگاکە بەجێگەیاندبوو، بڕی گوژمەی ( ٩٥٥٢٣) دینار بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە تەرخان کرا، بە سەرپەرشتی ئەندازیار فارس عەلی جومعە، وردبین جەبار عبدالفەتاح ، وەستا جەمیل ئەحمەد محمد کارەکانی پرۆژەکە لەلایەن بەڵێندەر سەردار عومەر سورچی چاودێر وجێبەجێدەکرا. لەماوەی کارەکاندا دەستکرابوو بە دروستکردنی ژووری ماتۆڕەکان و تانکی ئاو هەڵگری زەوی و وێستگەی سەرخستنی ئاو و بەستنەوەی بەبیرەکان، ئەمە جگە لە لێدان و هەڵکەندنی (١٣) بیر، پێشنیارکردن و دیاریکردنی شوێنی (١٨) بیری دیکە، لەگەڵ دانانی (٣) ماتۆڕی دیزل و ماتۆڕێکی کارەبایی، تەرخانکردنی (٢) شەمعە بۆ (٣) بیر. لەگەڵ هاتنی ڕاگوێزەران بۆ کۆمەڵگاکە (٥) تانکی ئاو ڕۆژانە بەناو کۆمەڵگاکان دەسوڕانەوە بۆ دابەشکردنی ئاو بە خۆڕایی، جگە لەمە (٦) تانکی گەورەی ئاو لەناو کۆمەڵگاکە دانرابوو هەموو ئەو ڕێگایانەی بۆ بیرەکان دەچوون سەرەتاپا چیمەنتۆ کرابوون بۆ ئەوەی بە ئاسانی تانکەرەکان بگەنە بیرەکان. دوای دروستکردنی خانووەکانیش ئاو لە بیرەکانەوە بە بۆری بۆ ماڵەکان ڕاکێشرا .

**٢- پرۆژەی زەوی کارەبا** : لە ٢١ نیسانی ١٩٨٧ دەست بەکار کردنی پرۆژەکە کراوە بەبڕی (٥٠٠٠٠٠) دینار ، بەسەرپەرشتی ئەندازیار عەبدولعەزیز شەمسەددین ، تیمی کارکەران هەڵسابوون بە دانانی (١٢) محاویلە لە جۆری ( K,V,A co) لەناو کۆمەڵگاکە ، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگاکە وزەی کارەبا بە چادر راکیشرا بە جۆریک لە کۆتایی ئایاری ١٩٨٧ (٢٢٥٤) چادر وزەی کارەبای بۆ چووە، دوای دروستکردنی خانووش وزەی کارەبا بۆ ماڵەکان دابینکراوە ، جگە لەمە وزەی کارەبا بۆ رووناک کردنەوەی شەقام و جادەکانی کۆمەڵگاکەش تەرخان کراوە .

**٣- پرۆژەی ڕێگاوبانەکان** : لە ٣٠ ئاداری ١٩٨٧ دەست بە کاتدکردنی پرۆژەی ڕێگاوبان کرا بەبڕی (٩٨٢٠٠٠) دینار تەرخانکراوە بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە ، لە لایەن بەریوبەری پرۆژەی ڕێگاوبانی کۆمەڵگای کەورکۆسگ ئەندازیار تەحسین ئیسماعیل ئیبراهیم لەگەڵ ئەندازیارانی بەسەرپەرشتی نازم

ئەڵڵا وێردی ، عەلی خورشید و حەبیب عەبدولکەریم عەبدولرەحمان کارەکانی پرۆژەکە راپەرینرا . تیمی کارکەران لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە دەستیان کردبوو بە قیرتاوکردنی شەقامسەرەکیەکان کە بە ئاراستەی کۆمەڵگاکە دەچوون، هەرچی جادە و شەقام و کۆڵانەکانی ناو کۆمەڵگاکەش هەبوون دەستکرا بە خۆشکردن و ڕاستکردنەوەی لەگەڵ ڕاخستی چینێکی لەوردە بەرد و چەگر .

**دامەزراوە میرییەکانی کۆمەڵگای کەورگۆسک**

١- بنکەی پۆلیس : لە ١ نیسانی ١٩٨٧ دەست بەکار کردن لە پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانەی بنکەی پۆلیس کراوە بەگومژمەی ( ٣٠٠٠٠) دینار ، بە سەرپەرشتی ئەندازیاران فۆئاد حەنتا و کەمال یەڵدا کاری تیدا کراوە .

٢- بەڕێوەبەرایەتی نەحیە لەگەڵ ٣ یەکەی نیشتەجی بوون : لە ٢٢ نیسانی ١٩٨٧ دەست بە کارکردن کراوە بە گوژمەی (٢٠٥٠٠٠) لەلایەن ئەندازیاران کەمال یەڵدا ، بورهان ئیبراهیم ، یاسین محمد خدر و نازم وەلی ، بەڵیندەر سەرباز سورچی کاری تیدا کردووە . ([١])

٣- یەکەی شارەوانی

لەساڵی١٩٨٧ دروستکراوە بۆ رایکردنی کاروو باری هاوڵاتیان لەناحیەی کەورگۆسک چونکە پێشتر لەناوچەکە شاروانی نەبوە بۆیە هاوڵاتیان بۆ کاروبارەکانیان دابوایە ڕوو لە قەزای خەبات بکەن ئەمەش وەک وەک کار ئاسانیک بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە دەکەونە سنوری ناوچەکە ئەم پرۆژە خزمەت گوزاریە لەسەنتەری قەزای خەبات گواستراوە بۆ شارە دێی کەورگۆسک ئەمەش بەیەکێک لەخزمەت گوزاریەکان دادەنریت بۆ هاوڵاتیان([٢]).

---

١. بەفرین محمد ئیسماعیل ،کومەلگا زۆرە ملێیەکانی پاریزگای هەولێر توێژینەوەیەکی مێژووی بەلگەنامەییە، نامەی ماستەرنامەی بڵاونەکراوە زانکۆی سەڵاحەدین کولێژی -ئاداب بەشی مێژوو،(هەولێر:٢٠٢٣)،لا٦٩ _٧٠_٧١_٧٢

٢. چاوپێکەوتن، هاورێ ابراهیم سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٤/١/١٨

### ٦) بنکەی تەندروستی کەورگۆسک

بنکەی تەندروستی کەورگۆسک لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن حکومەتی ئەو کات دامەزراوە، ئەو بنکەیە ئەو کات کە دامەزرا مەبەست لێی ئەوە بوو خەڵکەکەی نەچنە دەرەوەی ئەو ناوچەیە ئەمەش بۆ ئەوەی پەیوەندیان ببچڕێت لەگەڵ ناوچەکانی تر، لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەم بنکەیە دوبارە نۆژەنکراوەتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە بەم ساڵانەی دوایش بینایەکی نوێ لەتەنیشت بینا کۆنەکە دروستکرا. لەلایەن رێکخراوی (UNHCR)بەشێوەیەکی مودێرن و شارستانیەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و پارێزگای هەولێر، وەشایەنی باسە ئەم بنکەیە خزمەتگوزاری پێشکەش بە سەرجەم گوندەکانی سنوری کەورگۆسک دەکاتن بەبێ جیاوازی، وە ئەم بنکەیە لەچەندین بەشی خزمەتگوزاری پێک هاتووە، وە چەندین دکتۆری بەرێز وەکوو کارگێڕی ئەم بنکەیە کاریان کردوە لەساڵی ٢٠١٢ بەڕێز (عمر احمد بەرزنجی) وەکوو بەرێوبەری بنکەی تەندروستی کەورگۆسک دەست بەکار بوە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە([١]).

### ٧) خزمەت گوزارییەکانی دیکە

#### أ. مزگەوت هۆل بونەکان

کورد وەکوو نەتەوەیەکی زۆرینەی لەسەر ئاینی ئیسلامە بۆهەر ناوچەیەکی کوردستان چەند ماڵێکی کەمیش بێت ئەوا بە هەرەوەزی شوێنەکەی دەکەن بە مزگەوت ناحیەی کەورگۆسکیش (٨) مزگەوتی هەیە.

#### ب. مزگەوتی پێشەوای شافعی .

لەساڵی ٢٠٠_-٢٠٠١ دروستکراوە لەلایەن سێ خێرخواز بەناوەکانی(عمرە رەش-مام شەفیق) دواتر لەساڵی ٢٠١٣ مزگەوتەکە فروانتر کرا لەلایەن مامۆستا عیماد سورچی وە مامۆستا مکایل پێش نوێژ وتارخوێنی مامۆستا (عیماد سورچیە). (٢)

---

[١] چاوپێکەوتن ، جوهر عزیز،لەدایکبووی ،١٩٧٤،پیشەی پۆلیسە،کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/٢٢.

[٢] چاوپێکەوتن،یوسف حاجی ڕەشید،لەدایکبوی٢٠٠٠، دەرچوی کولێژی قەلا،کەورگۆسک، ٢٠٢٤/١/٢١

### ج. مزگەوتی حاجی رەشید

لەساڵی ٢٠١٥ دروستکراوە لەلایەن کەسایەتیەک بەناوی حاجی رەشید ئەم مزگەوتە بەشێک لەکارەکانی ماون تەواو بکرێن، بەڵام نوێژو وتاری هەینی تێدا ئەنجام دەدرێت وە مامۆستای پێش نوێژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا (عوسمان برادۆستیە)(١).

### د. مزگەوتی خێرخوازی

لەساڵی ٢٠٠١دروستکراوە لەلایەن خێرخوازان دروستکراوە بەسەرپەرشتی حاجی رەشاد و لەگەڵ کەسایەتیەک بەناوی دکتۆر جەلال، وە بەم ساڵانی دوایش دوبارە مزگەوتەکە نۆژەن کراوەتەوە، پێش نوێژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا(زبێر).

### ه. مزگەوتی سەلاحەدین

لەساڵی ٢٠٠٩دروستکراوە لەلایەن بنەماڵەی سەلاحەدین بەسەرپەرشتی مامۆستا میکایل سورچی وە پێش نوێژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا(سەلیم سورچیە). (٢)

### و. مزگەوتی مهاجرین

لەساڵی ٢٠٠٠دروستکراوە لەلایەن خێرخوازان وە ساڵی٢٠١٠ئەم مزگەوتە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن خێرخوازان وە پێش نوێژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا(مشیر سورچی).(٣)

### ز. مزگەوتی رێگای بەهەشت

ئەم مزگەوتە لەساڵی ٢٠١٧ دروستکراوە لەلایەن کەسایەتیەک بەناوی شێخ تەها بەڵام خەڵکی خێروازیش بەشدار بوونە وەپێش نوێژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا (مامۆستا شەمسەدین )بەڵام ئەم مامۆستایە کۆچی دوای کردوە بەشێوەیەکی کاتی مامۆستا مکایل دەست نیشان کراوە. (٤)

[١] سەرچاوە https://fb.watch/pTLx-j3OOu/?mibextid=Nif5oz

[٢] چاوپێکەوتن ،هاروون رەشید شاکر، لەدایکبووی١٩٩٠،پیشە کاسبە،کەورگۆسک ،٢٠٢٤/١/٢٢

[٣] چاوپێکەوتن محمد سحید،لەدایکبوی ١٩٨٢،پیشەی کارگوزار لەمزگەوتی مهاجرین،کەورگۆسک ، ٢٠٢٤/١/٢٢

[٤] چاوپێکەوتن حسێن سورجی ، لەدایکبوی ١٩٩٤،پیشەی.مامۆستایە لەقوتابخانەی لاس،کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/٢٢

**ح. مزگەوتی گەورەی سورچیان**

لەساڵی١٩٨٩ دروستکراوە لەلایەن خێرخوازان وە پێش نویژ وتارخوێنی بەناوی مامۆستا (ماکیل).([١])

**ط. مزگەوتی شیوەڕەش:**

لەساڵی ١٩٩٢ دروستکراوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە وە لەساڵی٢٠٠٨ ئەم مزگەوتە فروانتر وە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن خێرخوازانی ناوچەکە وە پێش نوێژ وتار خوێنی مامۆستا(عبدلکریم). ([٢])

## أ- قوتابخانەکان:

**١. قوتابخانەی لای بنەڕەتی تێکەڵاو**

لەساڵی ١٩٨٨ دروستکراوە لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتە لەساڵی ١٩٨٩ دەست بەخوێند کراوە لەقوتابخانەکە، سەرەتا ناوی قوتابخانەکە بەناوی(شەشی کانونی دووەم بوو) بوو ، لەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەدیاریکراوی لەساڵی ٢٠٠٦ ناوی قوتابخانەکە گۆڕدرا بوو بە قوتابخانەی لای بنەڕەتی تێکەڵاو وە تاوەکو ئێستاش هەر بەو ناوەیە وە لەساڵی ٢٠٠٦ ئەم قوتابخانەیە لەلایەن ڕێکخراوێک بەناوی ڕێکخراوی یونسێف نۆژەن کراوەتەوە، وەیەکەم بەڕێوبەری ئەم قوتابخانەیە بەناوی مامۆستا علی مولود بوو کە لەساڵی١٩٩٠ تاوەکو ١٩٩٩ وەک بەڕێوبەری قوتابخانە کارەکانی بەڕێوەبردوە بەڕێوبەری ئێستاش مامۆستا عبدالله احمەدە([٣])

**٢. قوتابخانەی کامیاری کوران**

لەساڵی ٢٠٠٩ دروستکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٩لە قوتابخانەی ئامادەی گوڵان جیاکراوەتەوە وە ناوەکەی گرپراوە بۆ قوتابخانەی کامیاری کوران وەبەرێوبەرەکەی بەناوی مامۆستا نەریمانە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ([٤])

---

[١]چاوپێکەوتن حسێن فارس ،لەدایکبووی ١٩٩٣،پیشەی. کارمەندە لەنەخۆشخانەی راپەرین،کەورگۆسک، ٢٠٢٤/١/٢٢

[٢]رمضان کریم خان ،لەدایکبوی١٩٨٧،پیشەی کاسبە،کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/٢٥

[٣] چاوپێکەوتن عبدالله احمد ، لە دایکبووی ١٩٨٥، بەرێوەبەری قوتابخانە لایەی بنەڕەتی تێکەڵاو، کەورگۆسک ٢٠٢٤/١/٢٢،

[٤]چاوپێکەوتن ، نەریمان جلال ، لەدایکبووی ١٩٨٤،بەرێوبەری قوتابخانەی کامیاری کوران،کەورگۆسک ،٢٠٢٤/١/٢٢

**٣. قوتابخانەی لاچانی بنەڕەتی تێکەڵاو:**

لەساڵی ١٩٨٧ دروستکراوە لەساڵی ١٩٨٨ تێدا دەستی بەخوێندن کراوە سەرەتا ناوی قوتابخانەکە ناوی (النداء) بوو بەڵام لەدوای ڕاپەرینی ساڵی١٩٩١ قوتابخانەکە ناوی گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی لاچان وە لەساڵی ٢٠١٢ لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نۆژەن کراوەتەوە وە یەکەم بەرێوبەری ئەم قوتابخانە بەناوی مامۆستا خلیل بووە وە بەرێوبەری ئێستاشی مامۆستا شاکر کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە٠([1])

**١. قوتابخانەی دانیاری بنەڕەتی تێکەڵاو**

لەساڵی ٢٠١٢ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراوە هەر لەو ساڵەش دەست بەخوێندن کراوە وە یەکەم بەرێوبەری قوتابخانەکەش ناوی مامۆستا حمید محمد کریم تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ([2])

**٢. قوتابخانەی لاسی بنەڕەتی تێکەڵاو**

لەساڵی ٢٠٠٦ دروستکراوە لەلایەن رێکخراوێک بەناوی کۆریەکان وە یەکەم بەرێوبەری ئەم قوتابخانەیە بەناوی مامۆستا فوئاد بوو وە بەرێوبەری ئێستاش مامۆستا زائید انور حسن . ([3])

**٣. قوتابخانەی فانست**

لەساڵی ١٩٨٧ دروستکراوە هەر لەو ساڵەش دەست بەخوێندن کراوە لە قوتابخانەکە سەرەتا ناوی قوتابخانەکە بەناوی کەورگۆسکی الحسریە بوو دواتر ناوی قوتابخانەکە گۆڕا بۆ دواناوەندی گوڵانی تێکەڵاو دواتر لە قوتابخانەی گوڵان دوای جیابونەوە دوبارە ناوی قوتابخانەکە گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی ڕەها دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ بۆکانی کچان بەم دواییانەش لەقوتابخانەی بۆکانی کچان جیابوتەوە

[1] چاوپێکەوتن ، صباح عبدالله، لەدایکبووی ١٩٨٥،یاریدەری بەرێوبەری قوتابخانەی لاچان، کەورگۆسک ، ٢٠٢٤/١/٢٢

[2] چاوپێکەوتن ،نصرالدین عباس، لەدایکبوی١٩٨٤،یاریدەری بەرێوبەری قوتابخانەی دانیاری تێکەڵاو ،کەورگۆسک، ٢٠٢٤/١/٢٢

[3] چاوپێکەوتن، زائد انور حسن، لەدایکبوی ١٩٨٣،بەرێوبەری قوتابخانەی لاسی بنەرەتی تێکەڵاو،کەورگۆسک، ٢٠٢٤/١/٢٣

ناوی قوتابخانەکە گۆڕدرا بۆ قوتابخانەی فانست وە یەکەم بەڕێوبەری ئەم قوتابخانە مامۆستا فەتاح حسێن بوو وە ئێستاش مامۆستا بەنا معدید کریم. ([1])

**٤. ئامادەی گۆلانی کوڕان**

لەساڵی١٩٨٧دروستکراوە لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەوە سەرەتا ناوی ناوی قوتابخانەکە بەناوی قوتابخانەی کەورگۆسکی الحسریە بوو دواتر لەساڵی٢٠١٩ بینایەکی ١٨پۆلی بۆ دروستکرا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کورستان دوای ئەم قوتابخانە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ قوتابخانەی ئامادەی گۆلانی کوڕان وە یەکەم بەڕێوبەری ئەم قوتابخانەیەش مامۆستا فەتاح حسێن بووە وە بەڕێوبەری ئێستاش مامۆستا زانایە. ([2])

**٥. قوتابخانەی سیپەلی بنەڕەتی تێکەڵاو**

لەساڵی ١٩٨٧ دروستکراوە لەلایەن حکومەتی ئەوکاتە وە هەر لەم ساڵەش دەست بەخوێندن کراوە لە قوتابخانەکە، سەرەتا ئەم قوتابخانەیە ناوی قوتابخانەی کەورگۆسکی هاوچەرخ بوو دواتر لەساڵی ٢٠٠٨ ناوی قوتابخانەکە گۆڕا بۆ قوتابخانەی سیپەلی بنەڕەتی تێکەڵاو وە لەساڵی٢٠١٦ ئەم قوتابخانەیە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن ڕێکخراوی I-o m بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەیەکەم بەڕێوبەری ئەو قوتابخانەش مامۆستا جەباربوو بەڕێوبەری ئێستاش مامۆستا ئالان محمد. ([3])

**٦. دواناوەندی کەورگۆسی ئێواران**

لەساڵی ٢٠٠٩دروستکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە یەکەم بەڕێوبەری ئەم قوتابخانەی مامۆستا ڕەوند بوو بەڕێوبەری ئێستاش مامۆستا هیوایە. وە شارەوانی شاردێی کەورگۆسک لەساڵی ٢٠٠٠ لە هەلبژاردنی شاروانیەکان سەرۆکایەتی شاروانی تێدا کراوەتەوە، لەساڵی ٢٠٠٨ نوسینگەی ڕاگەیاند کراوەتەوە وە لەساڵی٢٠١٠ بنکەی بەرگری شارستانی لێکراوەتەوە وە فەرمانگەی کاروباری شارستانی لەساڵی ٢٠١٠کراوەتەوە نوسینگەی زانیاری لەساڵی٢٠١١کراوەتەوە. ([4])

---

[1] چاوپێکەوتن، بەناز محمد کریم، لەدایکبووی١٩٨٧، بەڕێوبەری قوتابخانەی فانست، کەورگۆسک ،٢٠٢٤/١/٢٣

٢ چاوپێکەوتن ، ادریس حسن ، لەدایکبووی،١٩٨٠،مامۆستا لەئامادەی گولانی کوڕان، کەورگۆسک،٢٠٢٤/١/٢٢

[3] چاوپێکەوتن، یادگار احمد اسماعیل ، لەدایکبووی١٩٨٨، یاریدەری قوتابخانەی سیپەلی بنەڕەتی تێکەڵاو، کەورگۆسک، ٢٠٢٤/١/٢٥

[4]چاوپێکەوتن. فەتاح عبدالله ،لەدایکبووی١٩٨٦ ، قوتابی لەزانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی الادارە الاقتصاد، کەورگۆسک ، ٢٠٢٤/١/٢٤

### أ. گوندی خراپە دراو

**بەشێوەیەکی گشتی خزمەتگوزرایەکانی ئەمانەن**

١. قوتابخانەی سەرەتای هەیە کە لەساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢. ڕەوزەی منداڵان. لەساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن خەڵکی ناوچەکە دروستکراوە وە هەروەها لەلایەن کەسایەتیەک بەناوی سەرباز جمال دوبارە نۆژەن کراوەتەوە.

٣. مزگەوتی هەیە کە لەساڵی١٩٩٠لەلایەن کەسایەتیەک بەناوی حاجی ابراهیم دروستکراوە.

٤. کارەبای نیشتمانی هەیە.

٥. بیری ئیرتوازی هەیە ([1]).

### ب. گوندی ئاخولانی نوێ:

لەڕووی خزمەت گوزاریەوە

١. مزگەوتی هەیە کە لەساڵی ٢٠٠٨ دەست بە دروستکردنی کراوە لەلایەن خێرخوازان لەساڵی٢٠١١ تەواو کراوە .

٢. قوتابخانەی سەرەتای هەیە کە لەساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ دروستکراوە لەلایەن کەسایەتیەک بەناوی شێخ باز.

٣. کارەبای نیشتمان هەیە.

٤. یەک بیری ئیرتیوازی هەیە کە لەساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرا.وە. ([2])

### ج. گوندی گاینی گەورە

لەڕووی خزمەت گوزراریەوە

١.قوتابخانەی سەرەتای هەیە لەساڵی١٩٥٦ دروستکراوە

---

١. چاوپێکەوتن ، شەمسەدین تەلعەت ، لەدایکبووی ١٩٨٥، موختاری گوندی خراپەدراو، خراپەدراو،٢٠٢٤/١/٢٧

٢. چاوپێکەوتن . عیسی جبارمجید، لەدایکبووی١٩٩٦، قوتابی لەپەیمانگای پایتەختی ناحکومی، ئاخولا،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٧،

٢.مزگەوتی هەیە کە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن خەڵکی ناوچەکە دروستکراوە وە لەساڵی ٢٠٠٧–-٢٠٠٨ دووبارە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و خێرخوازان.

٣.کارەبای نیشتمانی هەیە.

٤.دوو بیری ئیرتوازی هەیە.

٥.جادەی قیرتاوی هەیە. (١)

**٤.گوندی حاجی فەیسل**

لەڕووی خزمەت گوزاریەوە

١. قوتابخانەی سەرەتای هەیە کە لەساڵی ١٩٧١دروستکراوە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە وە لەساڵی٢٠١٢ قوتابخانەیەکی نوێ دروستکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٢. مزگەوتی هەیە لەساڵی ١٩٨٠لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە دروستکراوە دواتر لەساڵی٢٠١٥ مزگەوتێکی نوێ دروستکراوە لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە.
٣. کارەبای نیشتمانی هەیە.
٤. یەک بیری ئیرتیوازی هەیە.
٥. جادەی قیرتاوی هەیە. (٢)

**٥. گوندی ئیفراز میران**

لەڕووی خزمەت گوزراریەوە

- مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ١٩٥٨ لەلایەن خەڵکی ناوچەکە دروستکراوە.
- بنکەی تەندروستی هەبوە کەوا لەساڵی ١٩٥٨ دروستکراوە بەڵام ئێستا داخراوە.
- کارەبای نیشتمانی هەیە.

---

١. .چاوپێکەوتن،ئادەم ڕوستەم،لەدایبکووی١٩٩١،پیشەی چوتیارە،گاینچ،٢٠٢٤/١/٢٤

٢. عمران سەلیم خان،لەدایکبوی٢٠٠٠،قوتابی لەبەشی پەرستاری پەیمانگای پایتەخت، کەورگۆسک ،

- هیچ بیری ئیرتیوازێکی لێنیە ئاوی خواردنەوە لەلایەن پڕۆژەی ئاوی ئیفراز بۆ سەرجەم خەڵکی ناوچەکە دابینکراوە. ([1])

**٦.گوندی ئیفرار کەمال**

لەڕووی خزمەتگوزاریەوە

- قوتابخانەی سەرەتای هەیە ٢٠٠٠ لایەن وەزارەتی پەروردە حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکراوە.
- مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ١٩٨٠ دروستکراوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەو خێرخوازانەوە دواتر ساڵی ٢٠١٩ دوبارە لەلایەن خێرخوازن نۆژەنکراوەتەوە.
- کارەبای نیشتمانی هەیە.
- جادەی قیرتاوی هەیە. ([2])

## ٧.گوندی مامەلۆک لەڕووی خزمەتگوزاریەوە

- قوتابخانەی سەرەتای هەیە کەوا لەساڵی ١٩٨٧ دروستکراوە وە لە ساڵی١٩٩٩ بینایەکە زیاتر فروانتر کراوە لایەن ڕێکخراوێکی ئینگلیزی.
- ڕەوزەی منداڵانی هەیە کەوا لەساڵی٢٠٠٧دامەزراوە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.
- مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ١٩٦٠ دروستکراوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە وە لەساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن خێرخوازەک بەناوی مام فەرحان هەڵساوە بەدروستکردنی مزگەوتێکی نوێ بۆخەڵکی گوندەکە.
- یەک بیری ئیرتیوازی هەیە.
- کارەبای نیشتمانی هەیە.
- جادەی قیرتاوی هەیە([1]) .

---

[1] چاوپێکەوتن، سەنگەر حاجی شێرزاد، لە دایکبووی ١٩٨٥،موختاری گوندی ئیفراز میران، ٢٠٢٤/١/٢٥

[2] چاوپێکەوتن ، احمد خسرۆ، لەدایکبووی ١٩٩٨، خوێنکارە ،گوندی ئیفراز کەمال،٢٠٢٤/١/٢٥

### ٨.گوندی ئاخولان اسحد

لەڕووی خزمەت گوزاریەوە

١.قوتابخانەی سەرەتای هەیە لەساڵی ١٩٩١ دروستکراوە.

٢.مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ١٩٩٢ دروستکراوە وە لەساڵی٢٠١٣ دوبارە نۆژەن کراوەتەوە.

٣.کارەبای نیشتمانی هەیە.

٤.یەک بیری ئیرتیوازی هەیە.

٥.جادەی قیرتاوی هەیە([٢])

### ٩.گوندی شیوەرەشی کاکەمین

لەڕووی خزمەتگوزاریەوە.

١.قوتابخانەی سەرەتای هەیە کەوا لەساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨دروستکراوە.

٢.مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن خیرخوازان دروست کراوە.

٣.یەک بیری ئیرتیوازی هەیە.

٤.جادەی قیرتاوکراوی هەیە

٥.کارەبای نیشتمانی هەیە([٣])

### ١٠.گوندی شیوەرەشی کۆن

لەڕووی خزمەتگوزاریەوە

---

[١]چاوپێکەوتن .اکرم کریم عزیز، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٤/١/٢٥

[٢]چاوپێکەوتن ،اسحد مجید،لەدایکبووی١٩٤٣، ریش سپی گوندەکەیە  ئاخولان،٢٠٢٤/١/٢٩

١. چاوپێکەوتن ،فەتاح عبدالله،سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٤/١/٣٠

١.قوتابخانەی سەرەتای هەیە کەوا لەساڵی ١٩٦٥ دروستکراوە وە لەساڵی ١٩٨٦ دوبارە نۆژەن کراوەتاوە لەلایەن ڕێکخراوێک بەناوی K.R.O بەهاوکاری یونسکۆ وە بەم دوایانەش لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی نۆژەن کراوەتەوە.

٢. مزگەوتی هەیە کەوا لەساڵی ١٩٨٨دروستکراوە لەلایەن خەڵکی گوند وە لەساڵی ٢٠٠٣ دوبارە نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن خیرخوازان وە لەساڵی ٢٠١٨ مزگەوتەکە فروانتر کراوە.

٣.یەک بیری ئیرتوازی هەیە.

٤.کارەبای نیشتمانی هەیە.

٥.جادەی قیرتاوی هەیە([١]).

٢. چاوپێکەوتن، نەسروللە خدر،لەدایکبووی٢٠٠٠، قوتابی لەزانکۆی سەلاحەدینکولێژی ئاداب ،٢٠٢٤/١/٣٠

### ٨) دابەشبوونی دانیشتوان کەورگۆسک

دانیشتوان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی کرداری گەشەی شارستانیەتی، چونکە وەک ئاشکرایە هەر گۆڕانێک بەسەر قەبارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک یان شارێک دێت کاریگەری زۆری لەسەر ناوچەکە یان شارەکە دەبێت ([1]) .کاتێک باسی دانیشتوانی هەرناوچەیەک دەکەین واتا باس لە ژمارەی هەموو ئەوخەڵکانە دەکەین کە ماوەیەکی دیارکراو لەم شوێنە نیشتەجێن، لەبارەی دانیشتوانی ناوچەکە لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەمیشە لەگەشەی بەردەوام دایە ناتوانرێت سەرژمێریکی ورد دەست بکەوێت، ئەویش بەهۆی ئەوگۆڕانکاریانەی کە بەردەوام لەناوچەکە ڕوویداوە تایبەت لەزیادبوون و کەم بوونەوەی گەشەی دانیشتوان لەناوچەکە بەهۆی بوونی ئەو کۆچانە کەکراوە بۆ ناوچەکە گەشەیەکی سروشتی ساڵانە نەبووە، گەشەی سروشتی بریتی یە لە تیکڕای زیادبوونی ژمارەی هەرکۆمەلگایەک یەکسانە بەرێژەی لەدایکبوونی گشتی دەرهێنانی ڕێژەی مردوو ([2]). لەبەر ئەوەی ناوچەی کەورگۆسک پێش دروستبوونی وەک ئوردوگایەکی زۆرەملێ ژمارەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەکە سروشتی بووە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بەڵام دوای دروستبوونی کۆمەلگای کەورگۆسک لەساڵی ١٩٨٧ یاخود بەدەستەواژەی ڕژێمی بەحس (گوندە هاوچەرخەکان) ([3]) ئەو ئۆردگایانەی حکومەتی بەحس لەدوای ساڵی ١٩٧٥بەمەبەستی نیشتەجی کردنی کوردە راگوزراوەکان دەستی بە دروستکردنی کرد کەتێدا حکومەتی بەعس مەبەست لە دروستکردنی ئەم ئۆردگایانە کۆکردنەوەی لادێنشینەکان بوو کەوا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بگوازێتەوە بۆ ئەو کۆمەلگایە بەشێوەی کۆچی زۆرەملێ هەر لەناوچەکانی سلێمانی کورێ بشدەر و کەرکوک و دوزخورمات و وە گوندەکانی ناوچەی خۆشناوەتی بەڕانەتی لەپارێزگای هەولێر، وە لەدەڤەری بادینان لە پارێزگای دهۆک، ئەمە یەکەمین کۆچی گەورە دادەنرت بەم شێوەیە ڕووی لەناوچەکە کردبێت، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١ئازادبوون لەدەستی بەحس هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان وە زۆرێک لە دانیشتوانی کەورگۆسک

---

١. دابلۆ ئارهای، دووسال لەکوردستان ،وەرگیرانی لوقمان باپیر،چ(٢) ،چاپخانە ڕۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٨)،لا ٢٦

٢. فاتیمە قادر مستەفا،دابەشبوون دانیشتوانی هەولێر،چاپخانەی ڕەنچ.(سلێمانی:٢٠٠٨)،لا٢٣

٣.WWW .hawler.org. 29/1/2024

لەبەر کەم دەرامەتی ڕوویان لەشارە گەورەکان کردووە بەتایبەتی هەولێر، بۆیە ڕێژەیەکی بەرچاو دانیشتوانی ناوچەی کەورگۆسک کەمی کردوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣ و لەناوچوونی ڕژێمی بەحس ورده ورده ناوچەکە ئاوەدانی بەخۆیەوە بینی گەشی کرد و ئێستاش ڕووی لە زیادبوونە. بەڵام گەورەترین فروانترین کۆچ بۆ ناوچەکە دوای هاتنی ئاوارەکانی کوردستان رۆژئاوی سوریا بوون لەترسی جەنگ کە ژمارەیان ١٧هەزار کەس دەبووا لەساڵی ٢٠١٣ لەئێستا نیشتەجێی سەنتەری ناحیەی کەورگۆسکن ئەمەش دوای دروستکردنی کەمپێک بۆیان لەرێگای رێخکراوی نەتەوەیگرتوەکان UN دابینکردنی سەرجەم پێداویستەکانی ژیان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان وەمافی خوێندن کارکردن لەناوە دەرەوەی کەمپ ئەمەش دوای مۆڵەتی مانەوەیان لە کوردستان بۆیە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە ژمارەی دانیشتوانە بەسەر دوو ناوچەی سەرەکی دابەش بن.

١.دانیشتوانی شار نشین، کە سەنتەری ناحیەو کەمپی ئاوارەکان دەگرێتەوە کە کۆی گشتی ١٩٨٢

٢دانیشتوانی گوند نشین. گوندەکان ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کەوتونەتە دەرەوەی ناحیەی کەورگۆسک کوی گشتی بریتە لە٧٨٣٢([١]).

---

١– چاوپێکەوتن،ایمان جبی،لەدایکبووی ١٩٩٠ ،بەرێوبەرەکانی کەمپی ئاوارەکانی کوردی رۆژئاوای، کەورگۆسک ، ٢٠٢٤/٢/٢٥

**تەوەری دووەم/ ڕۆڵی کەورگۆسک لە پێش هاتە سیاسیەکان لەساڵی ١٩٨٦ تاوەکو ٢٠١٩**

**یەکەم:ڕۆڵی کەورگۆسک لە پێش هاتە سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩١**

ناوچەی کەورگۆسک هەروەکو ناوچەکانی تری کوردستان بی بەش نەبوە لەو شۆرەش و هەڵدانی بۆ ئازادی کوردستان بەتەواوی گوندەکانی دەوربەری کە ئەم گوندانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینوە لە یارمەتی دانی پێشمەرگە جا چ بە دابینکردنی خۆراک و پێداویستە سەرەتاییەکان وەکوو خواردن خواردنەوەو یان حەوانەویان لە ماڵەکانی خۆیان وە ناوچەی کەورگۆسک چەندین پێشمەرگەی قارەمانی لێبوە، شایانی باسە لەگوندی شیوەرەشی کۆن نزیکەی(٤٠) پێشمەرگەی لێبوە وەگوندی گاینج(٣٢)پێشمەرگەی هەبووە وەگوندی ئیفراز(١٤) پێشمەرگەی لێبوە وە هەروەها کەورگۆسکی گوند(٥)پێشمەرگەی لێبووە. کەبەشێکی ئەم پێشمەرگانە لەلایەن (عزیز عوسمان عزیز) سەرپەرشتی دەکران وە لەڕووی جمووجۆڵەوە ئاگاداری ناوچەکانی تر بوونە ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی گوندەکانی دەوربەری کەورگۆسک ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تێدا بووە بۆیە هەمیشە ئاگاداری ڕووداو پێش هاتی ناوچەکە بوونە وە بارودۆخی ئەو کاتەی پێشمەرگە تاڕادەیەک خراپ بوو ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتەی کەحکومەتی ئەو کات پەیرەوی دەکرد بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی پێشمەرگە بەتایبەتی سەرەنجام ئەمانە بۆنەتە هۆی ئەوەی کەوا گەلی کورد هەمیشە بۆ سەربەخۆی هەوڵبدا بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕووبەڕوبونەوە لەناوچە ڕوویداوە لە قەزای خەبات ڕووبەرو بوونەوە ڕویداوە کەتێیدا هێرش کرایە سەر مەفرەزیەکی ئەوکات وە لەگوندی ئیفرازیش هێرش کرایە سەر دائیرەی مەشروحی ئاو ئەمەش لەبەر ئەوەی لەناوچەکە مەحسکەری سەربازی لێ بووە ئەمانە هەمویان دەرخەری ئەوەن کەوا هەموو ناوچەکانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوونە کەوا لەژێر ئەو زوڵم و ستەمەی کەلێیان دەکرا بێنە دەرەوە هەوڵی ئازادی بدەن[1].

١. چاوپێکەوتن. عوسمان عزیز ، لەدایکبووی ١٩٥٨،کادیری لقی (١٦)پارتی دیموکراتی کوردستان ،کەورگۆسک،بەروار،٢٠٢٤/٢/٣

لەگوندی گردەشێر  لەئەنجامی بردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بۆ کۆمەلگای کەورگۆسک وە تێکدانی گوندەکەیان بۆتە هۆی ئەوەی کەوا خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی حکومەتی ئەوکاتە ببنەوە سەرەنجام تەقەیان لە مەفرەزەیەکی بەحس کردوە.([1])

دواتر لەساڵی ١٩٨٧ حکومەتی ئەوکاتە بڕیاری دا بەدروستکردنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان ناوچەی کەورگۆسک یەکێ بوو لەوناچانەی کەوا لەساڵی١٩٨٧ کۆمەڵگای کەورگۆسکی لێ دورست کرا بۆئەم مەبەستەش ٤ پارچە زەوی کشتوکاڵی لەگوندەکانی کەورگۆسک و شیوەرەش بەڕووبەری [١٢٤١] دۆنم دیاری کران کۆمەڵگای کەورگۆسک وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە لەسەرەتا خەلکەکەی لەجادر دەمانەو دوای تێپەربوونی مانگێک ڕاگوێزران دەستیان بە دروستکردنی خانوو کرد لەسەرەتا ژمارەی هاتنی ڕاگوێزراوان بۆ کۆمەڵگاکە تا دەهات ڕووی لەزیاد بوون بوو بەشێوەیەک لە ٢٥ی تەمووزی _١١ی ئاب (٢٩٤)خێزان لە١٩تشرینی دووەم -١٩کانونی یەکەم (٢٩٥) خێزان ڕوویان لەکۆمەڵگاکە کرد ، بەشێکیش لەو راگویزرانە هێشتان لەژێر چادر کۆمەڵگاکەیان جێهێشتوو بەجۆرێک لە ئایاری ١٩٨٧ (١١) خێزان لە راگوێزراوانی گوندی خراپەدراو وە(٢) خێزانی لەگوندی یارجە لەمانگی حوزەیرانیش (٢)خێزانی  دیکە لەگوندی گردەشێر هەروەها راگوێزراوەکانی کۆمەڵگای کەورگۆسک پێک هاتبوون لە بەشێکی زۆری گوندەکان سنوری پارێزگای هەولێر هەریەک لەناحیەکانی خەبات و عەنکاو  قوشتەپە و سەر بەقەزای ناوەندێ هەولێر، لەگەڵ ناحیەکانی ناوەندی گوێر کەندێناوە ،قەراج، لەسنوری مەخموریش لەگەڵ بەشێک لەگوندەکانی قەزای کۆیە لە هەریەکە لە ناحیەکانی خورمات داقوق و لەسنوری پارێزگای سلێمانی نەینەواش بەشێک لە گوندەکانی ناوچەی سورچیاتی لەقەزای قەزای ئاکرێ، لەگەڵ بەشێک سنوری پارێزگای سلێمانی هەریەکە لە ناحیەکانی سەنگەسەروو قەلادزێ و پشدەر، نیشتەجی کران بەشێوەیەک گشتی ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکان. لە کۆمەڵگای کەورگۆسک گەیشتە(٧٠٠٠)خێزان([2]).

[1] م سەعد فاروق یوسف شێخ بزینی ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٩
[2] بەفرین محمد اسماعیل، سەرچاوەی پێشوو ،ل٦٩

**دووەم:ڕۆڵی کەورگۆسک لە پێش هاتە سیاسیەکان لەنێوان ساڵانی لەنیوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣**

ڕاپەڕینی١٩٩١، یان ڕاپەڕینە مەزنەکە ناسراو بە (ڕاپەڕین) بریتی بوو لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی خەڵکی کوردستانی باشوور لەدژی ڕژێمی بەعس بە پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی کە ئەوکات لەدژی حکوومەتی بەعس خەباتیان دەکرد و لە چیاکانی کوردستان دژ بە ڕژێم ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنجام دەدا، لەبەرئەوەی ڕاپەڕینی ئازاری١٩٩١ ی گەلی کوردستان، ڕووداێکی گەورە و گرنگ و ناوازەی مێژوویی بوو، دەسکەوت، گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی گەورەی هێنایە ئاراوە،ڕاپەڕین، ڕاپەڕین شێواز و دەسکەوت و قۆناغێکی خەبات و شۆڕشی هەر گەل و نەتەوەیەکە بۆ بەدیهێنان و جێگیرکردنی ئامانجەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و ڕزگارکردنی گەل و وڵات، بە چەندین شێوە و هۆکار ئەنجام دەدرێت، هەلومەرجی ڕاپەڕین: لە ڕاستیدا ماوەیەک بەرلە ڕاپەڕین، بارودۆخی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەلومەرجی سیاسی لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور زۆر نالەبار و تەنگەتاو بوو، لەبەر ئەوەی کاتێک کە ١٩٨٨/٨/٨ شەڕی خوێناوی نێوان عێراق – ئێران وەستا، ڕژێمی بەعسی بەغدا دەست بەتاڵ بوو، بە هەموو هێز و شێوازێک کەوتە دژایەتیکردنی کورد، کوردی ئەنفال و کیمیاباران و ئاوارە و سەرگەردان کرد، شۆڕشی کوردی پووکاندەوە و، لایەنە چەکدارەکان چوونە سەر سنوورەکان، لەوێ مۆڵگەیان کرد، لە هەموو ڕوویەکەوە ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار و کوڵەمەرگیان بەسەر دەبرد، کورد بێ پشت و پەنا بوو، پیلانی زیاتری لەسەر بوو، وەلێ کەلە ١٩٩٠/٨/٢عێراق هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان لە عێراقیان دا، دەرگای گۆڕانکاری و ڕاپەڕین کرایەوە، سوپای رژێم تووشی تێشکان بوو، پێگەی نێودەوڵەتیی عێراق لاواز بوو، باری ئابووری و دەروونی و لۆجستی خراپ و لاواز بوو، لایەنە چەکدارەکانی عێراق هەستا نەوە و ڕاپەڕینیان بەرپا کرد.

ئامادەباشی بۆ ڕاپەڕین: بەپێی هێز و توانای ئەوسای لایەنە چەکدارەکانی کوردستان و عێراق، لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتنە ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین، سەرەتا لایەنە عەرەبەکان لە خوار و دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، ڕژێم لێیان کەوتە خۆ تا ڕادەیەک ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، دواتر لە جەماوەری کوردستان و لایەنەکان کەوتنە خۆ بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین.

بارەگایان لەسەر سنوورەکان زیاد کرد، بە ڕاگەیاندن خەڵکیان وشیار کردەوە، کۆبوونەوەیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی پێکهێنا، ڕێکخستنەکانی خۆ و جەماوەرییان ئاراستە کرد.

هەر لایەنەنێک و لە سنوورەکانی خۆی، هەندێکیان پێکەوە دابەزینە ناو شار و شارۆچکەکان، لەلایەکی ترەوە جەماوەر و ڕێکخستنەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێشوازیکردنی پێشمەرگە و ئەنجامدانی ڕاپەڕین و گرتنی بارەگا و دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەبوو. هەر لایەنێکی سیاسی لە شارەکان تا ڕادەیەک کاری خۆی کردبوو، خەڵکی ئاگادار کردبووەوو ەو لیژنەی پێکهێنابوو. ١١ی ئازار هەولێر..(١)

لە١١ی ئازاری ١٩٩١دا، جەماوەری شاری هەولێر هەر لە سپێدەی بەیانییەوە لە گەڕەکەکانی "شۆڕش" و "مەلایان" و "برایەتیی سەرەوە" ڕژانە سەر شەقامەکان و بارەگاکانی ڕژێم و لە کاتژمێر ٩ی بەیانی سەرجەم جەماوەر و گەڕەکەکان ڕژانە سەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکان و بەیەک دەست دا ڕژانە سەرجەم بارەگا و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم، بەتایبەت دائیرەی ئەمن و جەیشی شەعبی و ئەمنی تەواری و مەنزوومەی شیمالی و بنکەکانی پۆلیس و هتد. کە تا ئێوارە سەرجەم ئەو بارەگایانە کۆنترۆڵ کران، تەنها لە دایەرەی ئەمن و مەنزومەی شیمالی بەرگرییەکی سەختیان کرد، بۆیە کوژراوێکی زۆریان لێ کەوتەوە و هەندێک لەوانەی لەوێ گیران، لەلایەن توورەیی جەماوەرەوە گوللەباران کران. هاوکات لە هەمان ڕۆژ ڕاپەڕین لەسەرجەم ئۆردوگاو ناوچەکانی دەوربەری هەولێریش دەستیان پێ کرد، بۆ وێنە لەلای سەرەوە هێزی پێشمەرگە و جەماوەر پێ بە پێ لە دێگەڵەوە پێداهات کە هەموو بان و بەرزاییەکانی سوپا و پادگاکانی ڕژێمی پاک کردەوە تا دەگاتە کەسنەزان، بۆیە کەسنەزان و بنەسڵاوە بەبێ شەڕ تەسلیم بوون و لە دارەتووش

١. سەرچاوەی ئەنتەرنێت https://www.basnews.com/so/babat/419982

به نیو کاتژێر ناوەندی پۆلیس گیرا. لەوێ شەهید درا و ڕژێمیش کوژراوی هەبوو، ئۆردوگاکانی قوشتەپە و شاوێس و پیرزین و مەلا ئۆمەریش هەر زوو ئازاد کران، پاشان هاوکات ئۆردوگاکانی جدیدە و تۆبزاواش ڕاپەڕین و دوای چەند کاتژمێرێک شەڕ ئازاد کران و بە خوێنی چەند هاووڵاتییەک و کوژرانی زۆرێک لە پیاوانی ڕژێم و لە هەمان کاتدا لە ئۆردوگای خەبات هەڵیان کوتایە سەر بازگەی ئاسکی کەڵەک و هەر زوو کۆنترۆڵیان کرد و دواتر ئۆردوگاکانی  کەورگۆسک و بەحرکە و بەرحوشتر ڕزگار کران، لە ئازاری ساڵ ١٩٩١کۆمەڵگای کەورگۆسک وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان ئازاد کراوە بەتایبەتی لە دوای شاری هەولێر سەر لەبەیانی زوو سەرجەم چین و توێژەکانی کەورگۆسک پێکەوە دژی بەزوڵم  و ستەم ڕاپەڕین یەکەم جار پێشمەرگە هاتە ناو کۆمەڵگاکەوە دواتر خەڵکی ناوچەکە پێکەوە ڕاپەڕین ئەمەش سەر دام دەزگاکانی حکومەتی بەحس لەئەنجامدا ڕووبەڕوو بوونەوە ڕوویدا سەرئەنجام پێشمەرگە بەیارمەتی خەڵکی ناوچەکە توانیان دەست بەسەر سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت بگرن وە ئەو کاربەدەستانەی لەوێ بوون ژمارەیەکی زۆریان لێ دەزگیر کرا وە هەندێکیش ڕایانکرد ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەوا ناوچەکە لەژێر دەستی حکومەتی بەحس  ڕزگاری بێت ژیانێکی سەربەرزانەو ئازاد بژین([1]).

١. چاوپێکەوتن ،عوسمان عزیزعوسمان،سەرچاوەی پێشوو بەروار،٢٠٢٤/٢/٣

**سێیەم:ڕۆڵی کەورگۆسک لە  پێش هاتە سیاسیەکان لەنێوان سالآنی لەنیوان سالآنی ٢٠٠٣-٢٠١٩**

هەروەک چۆن باسمان کرد، کەوا شارەوانی کەورگۆسک هەمیشە بە شێک بوە لە مێژوە پڕ سەروەری و نەهامەتیەکانی کووردستا ،  بە درێژای مێژوو لە خەباتی سیاسی دا بە هەمان شێوەش بەردەوام بوو لە تێکۆشان هەر لە سەرەتای دروست بوونی شۆڕشەکانی کورد  تاوەکو  ئەمرۆش بەدەوام ، جگە لەوە کە لەڕابردوو ڕۆڵی باشی هەبوو، لێرەش دەمانەوێ ئاماژە بەڕۆڵی ئەم شارەدێیە بکەین لە سالآنی (٢٠٠٣) بەدواوە.

شارە دێی کەورگۆسک هەر وەک پێشتر لە ساالّی (٢٠٠٣) ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی هەبوە لە ڕیزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ خزمەت کردنی کوردستان، پاراستنی سنورەکانی بەشێک لەم پێشمەرگانە، لە ڕابردووش ڕۆڵیان هەبوە و لە بزوتنەوە یان خۆت شۆڕشەکانی کورد کە پێشتر جگە لەوەی کە پێشمەرگە بونە، بەشێک بونە لە ڕێکخستنەکانی ناو شار و بەڵام دواتر لە ساڵی  (٢٠٠٣) ژمارەی تازە لە کەسایەتی و گەنجەکان چونە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وە هەروەها  لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا شارەدێی کەورگۆسک لە ڕێگەی هێزەکانی پێشمەرگەدا ڕۆڵیان بینیوە لە ئازادکردنی عێراق پێشمەرگەکانی ئەم ناحیەیە بەژداربونە لە پاراستنی ئەو سنورەی کە دیاری کرا، کەواتە ئەم ناحیەیە هەمیشە لەبواری سیاسیدا بەشێکی دانەبڕاو بوە لە خزمەتکردنی کوردستان.

جگە لەوانەی باسکراوە شارەدێی کەورگۆسک هەروەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤) لە سەرەتای هاتنی (ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش) دا ڕۆڵێکی کارا و باشی هەبوە لە دژایەتی کردنی داعش و پاراستنی کوردستان ئەمەش لە ڕێگەی هێزەکانی کوردستان بە هەمو جۆرەکانیەوە وەک ( پێشمەرگە و زێرەڤانی و هێزەکانی ئاسایش .... ).

چونکە ئەم ناحیەیە لە هەموو هێزە ئەمنیەکاندا بەژدارە، بە هەموو شێوازێک بەژداری لە شەڕی داعش دا کردوە، لەم پێناوەش کە بۆ پاراستنی سنوری کوردستان بوە، ئەم شارە دێیە چەندین شەهیدی داوە لەم ڕێگەیەدا بەتایبەتی لە دژی تیرۆرستانی داعش دا وەک ([1]).

١- شەهید شوکر ابوزێد کۆشافی.

٢- شەهید سەنگەر سەلیم سورچی.

٣- شەهید مسعود عبدالرحیم.

٤- شەهید ئیدریس بایز سورچی.

٥- شەهید مەردان عزیز سورچی.

٦- شەهید سلێمان فقۆ هەرکی.

٧- شەهید رمضان فەیسل.

٨- شەهید مهدی سلێمان عمر.

٩- شەهید دیندار غازی هەرکی.

١٠- شەهید عومەر بەکر گەردی.

١١- شەهید عیماد خدر سورچی.

١٢- شە هید محمد عومەر بەرزنجی.

١٣- شەهید منیر غازی هەرکی.

١٤- شەهید رەشید عوسمان ئۆمەربل)

جگە لەوەش چەندین کەسی تر لەم ڕێگایەوە بریندار و کەم ئەندام بوون، بەڵام هەمیشە ئەم شارە دێیە جێگای ئەم کەسانە بووە لەپێناو پاراستنی کوردستان لە کۆنەوە تاوەکو ئێستاش گیانیان فیدا دەکەن و بەخوێن سنورەکانی خۆیان دەپارێزن. ([2])

[1] صدیق محمود ڕەشکە ، لەدایکبووی ١٩٨٥، پیشەی پێشمەرگەی دێرین، کەورگۆسک، بەرواردی ٢٠٢٤/١/٢٥

[2] بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی، لینگی ، https://www.facebook.com/share/v/

**تەوەرەی سێیەم ڕۆڵی ئابوری کەورکۆسک**

١. کشتوکاڵی.

٢. ئاژەڵداری.

٣. بازرگانی.

٤. پیشەگەری و کارگەکان.

## ١- کشتوکاڵ

یەکێک لە کۆنترین پیشەکانە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە پێی زانیوە و کردویەتی، خودا توانای پی بەخشیوە بۆ ئەوەی سود لە زەوی وەربگرێت و بەکاری بهێنێ، هەموو بەڵگە و لێکۆڵینەوەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە کوردستان لە چاخەکانی پێش مێژوو ژیانی تێدا هەبووە، سەرەتایی سەر هەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا لە کوردستان بووە، تەمەنی زانینی کشتوکاڵ لەلایەن مرۆڤەوە لە کوردستان بە (٨-١٠) هەزار ساڵ خەمڵێندراوە، لە ناوچە بەرز و نزمیە دەشتاییەکان و دۆڵە فراوانەکان گرنگترین بەرهەم کە مرۆڤ چاندوویەتی گەنم و جۆ بووە، ئەمە جگە لەماڵیکردنی ئاژەڵی وەک (سەگ، مەڕ، بزن، مانگا و هیتد ...) ،([١])وە هەروەها کشتوکاڵ بەیەکێک لە چالاکیە سەرەکی و گرنکەکانی ناوچەی لادێی دادەنرێت بڕبڕەی داهاتی دانیشتوانی لادێی نیشینەکان دیاری دەکرێ، کۆمەڵێک هۆکار بوونی هەیە بۆ کەشەپێدانی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی بەرچاو لەکۆمەلگادا پێداویستەکانیان بەهۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی وێرای زیادبوونی دانیشتوانی لەبەرامبەر داواکاری بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ فەرهەم کردنی پێداویستەکانیان لەلایەکی تر بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران دانیشتوانی لادێی، هەر یەک لەم هۆکارانە کاریگەریان هەیە لەرێژەی گرینگی پێداوە کۆمەلگا بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ، ئامانج لە گەشەپێدانی کشتوکاڵی بریتیە لەبەرزکرنەوەی ئاستی ئابوری وەکوو ڕەگەزێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئێستا لەرێگای شێوازی کشتوکاڵی و ئامێر و ئامراز بەکارهێنانی پەین و پلان و سیاسەتی حکومەت لەگەشەپێدانی

١. جمال ڕەشید،ئەحمەد فەوزی رەشید ،مێژووی کۆنی کورد،وەرگیرانی ملکۆ کەلاری ،چ(٢) ،چاپخانەی کارۆ،(سلێمانی:٢٠١٢)،لا٤٤

لادێ([1]).کۆنترین گوندی کشتوکاڵیش لە کوردستان شوێنەواری بێستان سورە کە دەکەوێتە دەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی ئەمەش دوای ئەوەی شەش وەرز کنە و پشکنینی تێدا ئەنجام دراوە، لە لایەن زانکۆی (ڕێدینگی) بەریتانی، کە دوای دیراسەکردنی پاشماوە دۆزراوەکان کە بریتی بوون لە بەرهەمی کشتوکاڵی (گەنم، جۆ، نیسک)،دواتر دەرئەنجامی کنە و پشکنینەکان لە ڕاپۆرتێک دا بڵاوکرایەوە تیایدا بەو ئەنجامە گەیشتن کە کۆنترین گوندی کشتوکاڵیە لە میسۆپۆتامیا بێستان سورە([2]).

- **بەرووبومە دانەوێلەییەکان**

بەربومە دانەوێڵیەکان بەخۆراکێکی پێوست و سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت زیاتر لەنیوەی ڕووبەری چێندرا ناوچەکە تەرخانکراوە بۆ چاندنی دانەوێڵە بەگوێرەی وەرزی چاندنیان دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر.

١.گەنم یەکێکە لە گرنگترین بەرووبومە دانەوێڵە خۆراکیەکان بڵاوترین جۆری بەرووبومە لەسەرجەم بەربوومەکانی تر لەبازارەکاندا ئاڵ و گۆری پێدەکرێ، هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی گەنم بەخۆراکی سەرەکی مرۆڤ دادەنرێت و بڕێکی زۆری پرۆتینی بەرێژەی (١٥٪) و فیتامینی (١٧٪) و نیشاستەی (٧٥٪) و ڕوون(١٥٪) و فیتامینی (B،B_) و خوێی کانزاییە بەسودەکانی وەک کالسیوم مەگنسیوم و فۆسفۆر و ئاسنی تێدایە وەک کەرستەیەکی سەرەتای لەپیشەسازی هەویرکاری و شیرنەمەنیەکان بەکار دەهێنریت، پاشماوی ڕووەکەش دەکرێنە کا بۆ ئالێکی ئاژەڵ بەکار دێت([3]).

گەنم بەپلەی یەکەم دێت لە ڕووی چێندراو لەنێو دانەوێڵە زستانیەکان وە تێکرای ڕووبەری چێندراویش لە ناوچەی کەورگۆسک (١٧٥٧٧)هەزار دونمە کە بەرێژەی ١٢٪ ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە (٦٠)بکەین لەڕووی چێندراوە دەر دەکەوێت کەڕووبەری چێندراو هەریەک لەبەربوومەکان

[1] ڕەنجدەر کەمەران ڕحمان،توانستەکانی گەشەپێدانی لادێی قەزای دەشتی هەولێر،نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە،زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئەدەبیات بەشی جوگرافیا، لا٩٠

[2] بارزان رەشید محمد،سەرچاوەی پێشوو لا٣٣

[3] ساکار کمال محمد ، توانست جوگرافیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکال لە قەزای ئاکرێ، نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کولێژی ئەدەبیات،(هەولێر:٢٠١١)،لا٢٧

دەگۆڕێت جیاوازی هەیە بۆ نمونە ئەگەر سەیری نەخشەی ژمارە (١)بکەین بۆمان دەرد دکەوێت کە زۆرترین ڕووبەری چێندراو  بۆ هەریەکە لە گەنم و جۆ لەناوچەکە بەدەر دەکەوێت، دەبینن ڕووبەری چێندراوی گەنم(١٧٥٧٧) دۆنم لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ وە هەروەها بڕی بەرهەمەکەشیان جیاواز دەبێت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، ئەم جیاوازەش دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی باران بارین لەکاتی چاندن وە چەندین هۆکاری تر دەبنە هۆی جیاوازی بەرهەمی کشتوکاڵی لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر وەک جیاوازی ڕادەی بەکارهێنانی پەینی کیماوی و هۆشیاری جوتیار لە بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی وە بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی ڕادەی لەناو بردنی مێروو زیانبەخش کە لەناوبردنیان دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی وە سەرەڕای ئەوەش لەبەرهەمەکانی تری وەک (نیسک و نۆک) بەرزی و نزمی لەرووبەری چاندن  بەدەر دەکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نالەباری کەش و هەواو گرنگی نەدانی جوتیار بە بەرهەمەکە و سەبارەت بە بەروبومی زستانە کۆمەڵێک سەوزەش دەگرێتەوە کە دەتواندرێت سود لە گەڵاو ڕەگەکانیان وەربگرێت ئەم بەربوومانەش وەک (تور، شێلم، سلق)ئەمانە هەریەک ڕووبەری جیاوازە لەوەی تروە ئەم بەرهەمانەش بە خۆرکی ئادەمیزاد دادەنرێت، وە لەناوچەکە سەوزەوات ڕێژەیەکی زۆری کاربۆهیدرایەتی تێدایە، جگە لە خوێ کانزای و ڤیتامینەکان، وە ڕووبەری چێندراو لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەربوومەکەو داواکاری لەسەر بەربوومەکە کە لەبازاردا، چۆنیەتی چاندن و بەرهەم هێنانی وە یان نەبوونی ئامار سەبارەت بە بەربوومی چێندراو لەو بابەتە(١).

١. چاوپێکەوتن ، زەید روستم ،لەدایکبووی ١٩٩٥، پیشەی جوتیارە، گاینج ،٢٠٢٤/٣/١٥

**بەرBوومی زستانە و هاوینە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی نێوان (٢٠٠٨-٢٠٠٩)[١]**

| بەرBوومی زستانە | دۆنم | بەرBوومی هاوینە | دۆنم |
|---|---|---|---|
| گەنم | ١٧٥٧٧ | تەماتە | ٦٨٠ |
| جۆ | ١١٥١٥ | شوتی | ٨٠٠ |
| نۆک | ٢٥٠ | خیار | ٧٢٠ |
| نیسک | ٥٠ | باینجان | ٤٠٠ |
| سلق | ١٨٠ | بامیە | ١٠٠ |
| تور | ١٢٠ | گندۆرە | ٦٠٠ |
| شێلم | ٢٨٠ | کونجی | ٤٠٠ |
| – | – | تەرۆزی | ٥٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٩.٩٧٢ | کۆی گشتی | ٤٢٠٠ |

[١] چاوپێکەوتن:ابراهیم کریم محمد امین ،لەدایک بووی ١٩٧٥، پیشە بەرێوەبەری کشتوکاڵی خەبات، (خەبات) ٢٠٢٤/٣/٨.

- **جۆ**

پلەی دووەمی وەرگرتوە لە دوای گەنم وە تێکرای بەرهەمی چێندراو لەناوچەی کەورگۆسک (٩٪)وە ڕووبەری تەرخانکراو بۆ چاندنی داناوێلە زستانەییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەربوومەی گەنم داگیری کردوە لەڕووی ئابوریەو گرنگی وەک گەنم نیە بەڵام لەبواری پزیشکی لە دروستکردنی هەندێک دەرمان بەکار دەهێنریت، پاشماوەی قەدو گەڵاکانی دەکرێت بە کا بۆ ئالیکی ئاژەڵان ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵ کە هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دابینکردنی، باران بارین لە نیوەی تشرینی یەکەم و دوای ئەوەی زەوی (پەلە) دەدات دەچێندرێت لە کۆتای مانگی مایس دروێنە دەکرێت([1]). ئەو جۆیانەی کە لەناوچەی کەورگۆسک دەچێندرێت بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەن (جۆی سپی و ڕەش و شەش پەرە).

- **بەربوومە هاوێنەکان:**

گرنگترین و سەرەکی ترین بەربوومەکان لە ناوچەی کەورگۆسک بریتین لە (تەماتە، خەیار، شفتی، بانجان، تەرۆزی، گندۆرە) بەشێوەیەک ڕووبەری جیاواز لەناوچەکە دەچێندرێت هەروەکو لەخشتەی ژمارە (١)بەدیار دەکەوێت کە جیاوازی هەیە لەرێژە و بڕی ڕووبەری چێندراو لە هەریەکە لە بەربوومەکان بۆ نمونە ئەگەر بروانینە نەخشەی ژمارە(١) بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕووبەری چێندراو لەدوی شوتی خەیارە لەپاشانیش تەماتە و بانجان و گندۆرەو ترۆزیە وە جیاوازی ڕووبەری چێندراو لە بەربوومەکان دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی بچوکی ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵیەکان بەجیاوازی لەجۆری چێندراو بۆ نمونە هەرچی گندۆرەو تەرۆزیە لە هەرسێ کشتوکاڵیە لە جۆری دێمی کارە، هەروەها هۆی جیاوازی بەربوومەکان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خاک و خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆیە بری بەرهەم تارادەیەک جێگری پێوە دیارە لە هەندێک لە بەروبووم لە ماوەی ئەم چەند ساڵە بەڵام ئاستی بەسەند دا نیە لەبەر ئەوەی خزمەتگووزاری خاک دانیشتوان کشتوکاڵ لەناوچەکە لەئاستی پێوست دا نیە. ([2]).

---

١. ساکار کمال محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩

١. چاوپێکەوتن، زەید رۆستم، سەرچاوەی پێشوو،بەرواری ٢٠٢٤/٣/١٥

**٢- سامانی ئاژەڵ:**

سامانی ئاژەڵ شوێنێکی گرنگی هەیە لە ئابوری کشتوکاڵی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئابوری نیشتمانی بەشداری چالاکە لە گەشەکردنی و پێشکەوتنی داهاتی نەتەوەی هەرشتێک یان گەشتیارێک یان هەرێمێک دەکات، سەرەڕای پرکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان لە پرۆتینی ئاژەڵ سەرچاوەیەکی گرنگی پیشەسازیە خۆراکیەکان و پیشەسازی پێستەیە، جگە لەوەی ئەم سامانە سەرچاوەی خۆراک و داهاتی کشتیار دابین دەکات و دەبێتە داهاتێک بۆ ناوچەکە، لە هەمان کاتدا کار دەکاتە سەر وەبەرهێنانی سەرمایە خستەگەری دەستی کارو دامەزراندنی چەند پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی ئاژەڵ، بەشێکی بنچینەی ئابوری کشتوکاڵی ناوچەکە  پێک ناهێنت چونکە بەشێکی زۆری گەشتیارەکان بۆمەبەستی پرکردنەوەی پێوستی خێزانەکەیان ژمارەیەکی کەمی ئاژەڵ بەخێودەکەن نەک بەمەبەستی کشتوکاڵی(١). ناوچەی کەورگۆسک ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە گژوگیای لەوەرگای سروشتی کە بەرێژەی (٦٠٪) ناوچەکەی پێکهێناوە وەک ناوچەکانی دەشتی مامەلۆک و دەشتی گاینج و شیورەشی دیوان ئەو ناوچاوانەی کەوتونەتە لێواری زێی گەورە هەروەها بوونی ئاوا هەوا دەرامەتی ئاو لەو ناوچەیە یارمەتی دەرە لە بەخێوکردنی ئاژەڵ بەتایبەتی زێی گەورە کە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە(٢).

ناوچەی کەورگۆسک ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی بەرهەهێنانی مەڕوومالاَت لەخۆ دەگرێت کەوا دابەش بووە بەسەر سەنتەری ناحیەو (١٥) گوندی دەوروبەری بەتایبەتی (مەڕوو بزن و مانگا) کە چۆنیەتی سەرەتاییە لە هەرخێزانێک بەگوێرەی ژمارەی خێزان بوونی لەوەرگا بەخێو دەکرێت هەروەک چۆن بەدیاردەکەوێت کەژمارەی ئاژەڵەکانی(مەڕو-بزن-مانگا) کە هەریەکێکیان لەسەر کۆی گشتی (٣٥)هەزار مەڕ و بەرزترین رێژەی تۆماردەکات وە بزنیش(٧٥٠٠) سەردەبێت بەلاَم مانگا (١٢٣٥)سەر دەبێت زۆرترین رێژەی مەڕ دەکەوێتە گوندی سمایلاوە کەژمارەی (٢٥٠٠) سەرە کەمترین ڕێژەشی دەکەوێتە گوندی کاینجی سەروو مەڕوومالاَت بەخێو ناکەن وە هەروەها بەخێوکردنی مانگاش

١. ساکار کمال محمد، سەرجاوەی پێشوو،ل٥٦

٢. چاوپێکەوتن، ابراهیم ڕەسول لەدایکبووی ١٩٥٥، پیشەی ئاژەڵدارە، کەورگۆسک، بەرواری ٢٠٢٤/٣/١٦

بەجۆرێکە زۆرترین ڕێژەی دەکەوێتە سەنتەری ناحیەکە کە دەکاتە(٢٠٠)سەر کەمتریشنی دەکەوێتە گوندی (شیوەرەش)کەتەنیا (١٥) سەرە([١]).

بەڵام لەم ساڵانەی دوای بەهۆی گرنگی نەدان بەکەرتی ئاژەڵداری لەهەرێمی کوردستان وایکرد ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی گوندەکان کۆچ بکەن بۆ سەنتەری شارەکان یاخود واز لەکاری ئاژەڵداری بێنن وەدەست بکەن بەکارکردن لەکەرەتی گشتی میری، بۆیە دەبین لەئێستا دا زۆربەی گوندەکانی کوردستان ئەم کەرەتە ڕووله پاشەکشە دایە کەئەمەش وایکردوە ببێتە هۆی چۆڵ بوونی بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستان و چەنجاڵ بوونی شارەکان، بۆیە ئێستا دەبین لەناوچەی کەورگۆسک کە نزیکەی١٠هەزار خێزانە تەنیا جەند خێزانێک بەکاری ئاژەڵداری سەرقاڵن بۆ دابینکردنی پێدوایستی ژیانیان([٢]).

## ئەو ئاژەڵانەی لەناوچەی کەورگۆسک بەخێو دەکرێن:

١) **مەڕ**

أ- **مەری کوردی.** نەژادی بەلەسۆرە لەشیان مامناوەندیە دونگیان سۆرە توخە گەردنیان خورمای کراوەیە کەلەیان درێژە لموزیان گەورەو باریکە کرێچکەیان قیتە بەرانەکەیان بی قۆجن گەردەنیان بڵندە، قیت بەرێوە دەڕۆن سەریان مامناوەندییە ئەندامی لەشیان ڕێک و پێکە نەزادی کوردی هەموو جۆرە خوریەکی لەدونگە خڕ دەبێتەوە دونگەکەیان لەسی چین پێک دێت چینی سێیەم بە کلک کۆتای دێ.

ب- **مەڕی حەواسی** دونگەکەی لەدوو چین پێک دێت خوریەکی لەمەڕی کوردی نەرمترە شیری دەمەڕی کوردی کەمترە بەڵام چەوری هەندێکیان ساڵی دووجار زاوزێ دەکەن زۆربەی جەوری لەماسولکەکانی کۆدەبێتەوە گۆشتی لەمەڕی کوردی خۆشترە.

ت- **مەڕی حەمدانی.** ئەمەیان لەکوردستان کەمە لەڕووی خوری و گۆشت جیاوازە.

[١]چاوپێکەوتن ، کەیفی فاضل حسن ، لەدایکبووی ١٩٨٢، پیشە فەرمانبەرە لەبنکەی ڤێتەرنەری خەبات، خەبات/بەروار٢٠٢٤/٣/١٧

[٢]چاوپێکەوتن ، ابراهیم رسول محمد ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٤/٣/١٦

### ٢) بزن

لەسەرانسەری کوردستان دەکەویتە ژینگەی وشک و بەرز لەو ناوچانەی گژووگیان هەیە زیاتر دەژین گرنگترین جۆرەکانی بزن ئەمانەن:

أ- **بزنی ئاسایی:** ئەمانە لەناوچە شاخاوییەکان بەخێو دەکرێت مویی خورمای و سپی لاشەکەی داپۆشراوە بەرهەمی سالآنەی (٥٠٠_١٠٠٠) دەبێ گۆشتی چەورە هەرسکردنی زەحمەتە بۆیە بزن لەهی مەڕو کاوڕ ئەرزانترە.

ب-**بزنی مەرەزی:** جوانترین بزنی کوردستانە لەمووەکەی جل و کری لێدەچێنرێ، بەلآم لەناوچەکەدا بەخێو ناکرێ.

ت-**بزنی ئاسایی:** لە ئەنجامی جووتبوونی بزنی ئاسیای پەیدا دەبێت لەش گەورەیە شیر ماسولکەکان نەرمە لەبەر بزنی ئاسیای بۆ بەکاردێت(١).

### ٣) ئاژەڵی گواستنەوە:

لە سەدەی پێشوو لە ناوچەکانی کەورگۆسک هەرماڵێک گوێدرێژێکی هەبوایە بۆ بەرێکردنی کاروباری ڕۆژانەو گواستنەوەی خۆیان هەبوایە وەک چۆن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ جێگای ئوتومبێلی بوو بۆتە پێوستیەکی ڕۆژانە هەرچی ئەوەیە کەسانی دەست کورت زیاتر گوێدرێژیان هەبوو، بەلآم کەسانی دەوڵەمەند ئەسپ و ماینیان هەبوو کە بەجوانترین شێوە لەلایەن کەسانی ماڵەوە ئالیکیا پی دەدرا.

#### أ- پەلەوەر:

لە کۆمەڵگای کوردی بێجگە لە ئاژەڵداری پەلەوری قاز و عەلاشیش بەخێو دەکرا بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی لەزێی نزیک بوو پەلەوەر بەخێو دەکرا بەتایبەتی قازو مراوی زۆر گونجاو بوو.

---

٢. کرێکار عبدلرحمان عزیز، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٦١-٤٦٢

ب- **ماسی:**

بەهۆی بوونی  زێی گەورە لەناوچەکە بەشێوەیەک گشتی ماسی سامانێکی گرنگی هەیە ئەگەر خەڵکی ناوچەکە بیری لێ بکاتەوە هاوشێوەی ناوچەکانی (تەق تەق) و (ڕانیە) پرۆژەی لەناو زێی گەورە دروست بکرێ ماسی زۆر کەمی کردوە لە زێی گەورە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بە شێوەیەکی نازنستانە ماسی ڕاو دەکەن وەک بەکارهێنانی کلۆرو بۆمبی کارەبا، هەروەها ڕەچاونەکردنی کاتەکانی زاوزێ بۆیە ئەو هۆکارە ماسی لە زێیەکە دا توشی قران کەمی کردوە. ([1]).

**٣- بازرگانی**

بازرگانی ڕۆڵێکی گرنک و کاریگەری هەبوە لەناوچەی کەورگۆسک بۆ پەیداکردنی بژێوی چونکە ئەو ناوچەیە کەوتۆتە سەر ڕێگەی کاروانی بازرگانی زۆربەخێرای بۆتە ناوچەیەکی قەرەبالغ ئاودان ناوەکەیان بەدیارکەوتوون ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی سەرەکی هەیە کەناوچەکە دەبەستێتەوە بە پارێزگای هەولێر بە بربرەی پشتی گواستنەوە دادەنرێت کە ڕێگایەکی گرنگی بازرگانیە بە ڕۆژانە چەندین کرداری گرنگی بازرگانی تیادا ئەنجام دەدرێت بەسەدان بارهەلگری نەوت و بەنزین پیادا تێپەردەبن و درێژی ئەو ڕێگایە لەناوچەی کەورگۆسک  تاوەکو و پارێزگای هەولێر دەکاتە(١-٢٠)کم وە هەروەها بوونی پاڵاوگەی کار لەنزیک ناوچەکە کارگەی کۆکا کۆلا بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بازرگانی زیاتر بەخوە ببینت بەرەو پێشەوە بچێت([2]).

١. کرێکار عبدالرحمان عزیز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٦٣-٤٦٤_٤٦٥

١. خورشید خان قادر، لەدایکبووی١٩٨٨ ،پیشەی قوتابی لە پەیمانگای تەکنیکی خەبات، کەورگۆسک ،٢٠٢٤/١/١٨

### ٤- پیشەوەر و گارگەکان:-

- **مێژوو سەرهەڵدانی ئاشە ئاوییەکان:**

بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە شوێنی ڕەسەن و سەرهەلدانی ئاشی ئاو ،هەندێک سەرەتای سەرهەلدانی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی هیند و هندستان بەماڵی ڕەسەنی ئەم ئامێرە تەکنیکەیە دەزانن لەلایەکی تر وا بو دەچن بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوڕوپا بەدیاریکراوی بەدیاریکردنی وڵاتی یۆنانی کۆن بەهۆی بەهێزبوونی تیژرەوی سەرچاوەئاوییەکان مرۆڤ هەر لەکۆنەوە هێزی کەوتنی لەبەرزاییەکان قۆستوتەوە بۆمەبەستی جیاواز بەکارهێناوە، لەوانە بەردە ئاش (ئاشی ئاو)بۆ هارینی داناوێلەی جۆراو جۆر گۆرینی بۆ ئارد، وەک ئاردی گەنم ئاردی جۆ ئەوانی تر لەکوردستانی عێراقیش ئەو جۆرە ئاوانە زۆرە کەبتوانن سودی لێ ببین لە کوردستان جگە لە ئاشی ئاوی سودیان لە زۆر کەرستەی ئامێری تر وەرگرتوە بۆ هارینی داناوێلە لەوانە دەستار و جۆین ئەمانەیان بەکارهێناوە بۆ دەست کەوتنی بەرهەمەکانی تر لەگەنم وەک ساوار بروش زیاتر لە ماڵەکان بەکارهاتووە([1]).. پێش دەرکەوتنی ئاشی ئاگر ژمارەیەکی زۆر ئاشی ئاو لەماڵەکان هەبوو بەڵام دەرکەوتنی ئاشی ئاگر ژمارەیەکی زۆر ئاشی ئاو هەبوو.

بەڵام لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا (ئاشی ئاگر-مەکینە)یان هێنایە کوردستان وڵاتی عێراق دایانمەزراند تا ئاشە ئاوییەکانیش بەرە بەرە کزبوون و لە کارکەوتن تا دوای ساڵانی سیەکان و سەرەتای چلەکان سەدەی ڕابردوو، بەکارهێنای ئەم ئاشانە لەدەڤەری دەزەیانی دەشتی هەولێر دەبینرا پاشانیش ئەم جۆرە ئاشانە بەیەکجاری لە کارکەوتن و نەمان، بەزۆری ئەوجۆرە ئاشانە لەو جێگایانە دامەزرابوون کارێزو جۆگەو ڕووباری لێ بوو([2]). ٠ لەسنوری ناوچەکەش ئەو ئاشانەی کەوا تاوەکو ئێستا پاشماوەیان ماوە یەک دانەیە، بەڵام بەگوێرەی قسەی خەڵکی ناوچەکە لەسەر ڕووباری زێی گەورە ناعورە هەبوە کەبۆ مەبەستی ئاودێری بەکاریان هێناوە لەهەمان کات سودیان لێ وەرگرتوە وەک ئاش بۆ هارینی داناوێلەکانیان و پاشماوەی کەبریتی بوون لە مێلە(چەرخە) وە تاساڵی ١٩٧٠ لەنزیک ڕووباری زێی گەورە([3]).

١. بارزان رەشید محمد، سەرچاوەی پێشوو ،لا١٠٧

٢. مولود بێخالی، هەولێرم وا دیووە ،ب(١) ،چاپخانەی دارلشۆن الثقافه الحامه، (بخداد:١٩٩١) ، لا١٥١،١٦١

٣. هۆشیا عبدالله، ئاشە ئاوییەکانی دەشتی هەولێر ئیسکلۆپیای هەولێر ،ب(٦) ،شارستانی کۆمەلایەتی ،چ(١) چاپخانەی گرین کالۆری، (لوبنان:٢٠٠٩)،لا

- **شوێنی ئاشی شێخی چۆلی:**

دەکەوێتە رۆژئاوای گوندی ئاخولان لەنزیک زێی گەورە لەلێواری دۆلێک هەلکەوتوە، ئاشەکە مێژوویەکی کۆنی هەیە لەگەڵ ئەوەی بەئاشی شێخی چۆلی ناسراوە بەڵام پێش ئەو بەناوی کەسێک بووە بە(شێخە ڕەشەکە )ناسراوە،  پاشان بوەتە موڵکی شێخی چۆلی دواتر کەسێک ئەو ئاشەی بەکرێ گرتوە بەناوی(حاجی عباس مامەلۆکی) پاشان لەلایەن بنەماڵەی (سۆڤی محمد)خەزووری شێخی چۆلی خاوەندەرایەتی کراوە بۆ بەگەرخستنی ئەو ئاشە  سودیان لە ئاوی (کانی ئەسحابان) وەرگرتوە سەرچاوەکەی لەسەروو گوندی ئاخولان بووە لەرێگای دروستکردنی رێرەوێک  توانرا ئاو بگەینە ئاشەکە تائێستا پاشماوەی ئەو رێرەویە ماوە بەبەرد دروست کراوە ئاشەکە شێوەی چوار گۆشەیە وە درێژی دیواری لایەکانی (٢×٢م)ە بەرزی ئاشەکە (٣,٥٠م)ە چاڵەکە یان تەندورەکە پر بۆتەوە تەنیا ئەوە نەبێت تیرەکەی بریتیە لە(١،٥٠م)ە مادەی  بەکارهاوتو بۆ ئاشەکە بریتیە لە بەردوو گەچ وە ئەو کەسەی ئاشەکەی دەگێرا بە (ئاشەوان) ناو دەبرا ناوی (ڕەسولە شەل) بوو جگە لەوە وەستایەکی هەبوو بەناوی(برایم) لەکاتی کۆل بوونی بەردە ئاشەکان دەهات بەردەکانی تیز دەکردوە بەرهەمەکانی ئاشەکە بریتی بوو لە هارینی گەنم جۆ بەرهەم هێنانی ئاردوو ساوار ([١]).

- **پێکهاتەو بەشەکانی ئاشی ئاو**

١. جۆگەی ئاو لەزمانی عەرەبی (الساقیە) پێدەوترێت لەکوردیش چۆگە بریتیە لە کەنالێکی ئاوی لەسەرچاوە ئاوییەکانەوە چا ڕووبار بیت یان کانی ئاوەکە بەرەو ئاشەکە دەهێندرێت لەوێشەوە دەرژێتە ناو چالە (تەنورەکە) بۆ ئاراستەکردنی ئاوەکە بۆمێلەکە، لەکاتی وەستانی ئاوەکە دەروازیەکی  تری هەبوو بۆگۆڕینی ئاراستەی ئاوەکەو وەستانی ئاشەکە.

٢. چال(التنور) لەزمانی کوردی پێیدەوترێت چاڵی ئاش و لەعەرەبیش (التنور) گوزارشتە لە بیرێکی دورست کراو لەبەردو گەچ بەشێوەیەکی قوچەکی (مخروطی) لەبنکەکەی  تاوەکو  سەرەوە چوار مەتر دەبێت بەجۆرێک لەخوارەوە دەرچویەکی یان سولاوێکی ئاوی هەیە  بۆ ئەوەی ئاوەکە بەرژدێ لە پەروانەکان دەدات  لە ژێرەوە بۆ سوڕانی  بەردە ئاشەکەی سەرەوە.

---

١. بارزان ڕەشید محمد، سەرچاوەی پێشوو،لا ١٠٨_١٠٩

٣. چەرخە(الدولاب) جەرخی ئەو ئامێرەیە لەسەر تەوەرێک دەخولێتەوە بەرزیەکەی نزیکەی مەترێکەو تیری بنکەکەی نیو مەتردەبێت ، پەروانەکانی پێوە بەستراوەتەوە لە(١٧-١٨)پانکەی پەروانە پێک هاتووە لەدار دروستکراوە لە نێوان پەروانەکان بۆشای هەیە کاتیک ئاوەکە بە بەهێزی بەری دەکەوێت، کەوا دەکات بەردە ئاشەکەی سەرەوە بسورێنت.

٤. بەردە ئاش بەواتای ئەو بەردە گەورەیە دێت کە هەردوو بەردەکە بە (گرانتی) هەیە واتە بەردێکی تەختە لەشێوەی دوو دێسکی خوارەوە کە رەنگە تیرەی هەریەکەیان زیاتر لە مەترێک بێت وە بەردێک لەچەندین پارچەی سێگۆشەی پێکهاتووە کە بە پەیوەندییەکی ئاسنی بە هێز بەیەکەوە بەستراوەتەوە وە لە ناوەراستی بەردی سەرەوەدا کونێکی شاراوە هەیە لەو رێگایەوە بەردی میلەکە داناوێلەکان وەردەکرێت لەچەرخەکە مێلەکە دێتە خوارەوە بۆ وردکردن و هارینی.

٥. کاسە کوتین(القادس) هاوشێوەی سەتلە بەوشێوە قوچەکیە دەوترێت کەلەسەر ئەو بەردە ئاشە دادەنرێت لەخوارەوە تەسکە لەسەرەوە پانە دانەوێلەی تێ دەکرێت بەزۆری لەدار دورست دەکرێت یەکەکانی پێوانەکردنیشی تێدایە بەمەبەستی پێوانەی گەنم.

٦. مەرەخە(ملخە) لەدار دورست دەکرا بۆ بەرزکردنەوە و دابەزاندنی بەردی سەرەوەی ناومێلەکە بەکاردەهێنرا بەپێی قەبارەی ئەو کەرستانەی کە دەبوو وردبکرێت بۆ مەرخەکەیان بەرز دەکردەوە ئەگەر ئاردیان ویست بایە ئەوە ئەو مەرخەکەیان نزم دەکردوە.

٧. کودەک. گوزارشت لە قاپێک دەکات بۆ پێوانەی دانوێلەکان بەکاردێت بەنمونە بۆ هەر پێنج کودەک داناوێڵەیەک کودەک وەردەگیرا لەکوردەواریش پێیان دەوت (فراش) (١).

١. بارزان رەشید محمد، سەرچاوەی پێشوو ،ل١١٠

## تەوەرەی چوارەم، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کەورگۆسک:

١ هۆزو عەشیرەتەکان

٢پەیوەندییە کۆمەلاتیەکان نیوان هۆزو عەشیرەتەکان

### ١- پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان

پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان لە شارەدێی کەورگۆسک تاڕادەیەک باشە بەڵام جیاوازە لەگەڵ گوندەکانی دەوربەری ئەمەش لەبەر ئەوەی شارەدێی کەورگۆسک دانیشتوانی زیاترە کە پێک هاتووە لەچەندین عەشیرەت وەکو (سورچی-شێخ بزینی-گەردی- دوزی-هەرکی-بلباس- کەرکوکی-قەلادزی-شێخانی) بەڵام سەرەڕای کەچەندین حەشیرەت و نەتەوەی جیاوازی تێدایە وەکو (عەرەب-سوری-تورکمان- هتد) بەڵام لەڕووی کۆمەڵاتیەوە پەیوەندییەکی پتەویان ئەمەش لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا بنەماڵەو حەشیرەتەکان ڕێگەیان نەداوە ببێتە هۆی لاوازی پەیوەندی نێوانیان ئەمەش وایکردوە لەزۆربەس خۆشی ناخۆشیەکان لەگەڵ یەکتری بەشداربن هاوکاری یەکتر بکەن. جاران وەک ئێستا تەکنەلۆژیا پێشکەوتوو نەبوو خەڵکی کاس و ئاژەڵدارو ریش سپی و بەتەمەن زۆربەیان لەماڵێک کۆدەبونەوە تاوەکو و دەرنگانی شەو کاتەکانیان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشتر قسەی خۆش بەسەر دەبرد، هەروەها لەکاتی ناخۆشیش لەگەڵ یەکتری بوینە بۆ نمونە ئەگەر هاتبوایە یەکێک لەخەڵکی ناوچەکە پرۆسەی هەبوایە ئەوە خەڵکی ناوچەی خۆیان بەخاوەنی پرۆسەکە زانیوە لەگەڵ خاوەن پرۆسەکە دەبوون ئەگەریش دەستیان کورت بایە ئەوە خەڵکی ناوچەکە هەریەکەو بەگوێرەی توانای خۆی برە پارەیەکی دادەنا بەمەشیان دەوت(بێش) سەرجەم ئەم کارانەش ئەوە دەگەینێ کەوا پەیوەندییە کۆمەلاتیەکان لەشارەدێی کەورگۆسک پەیوەندی پتەو بەهێز بوونە لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا([1]).

---

١. خان قادر سلێمان، پیشەی فەرمانبەرە لەبنکەی تەندروستی کەورگۆسک، لەدایکبووی١٩٦٨، کەورگۆسک، ٢٠٢٤/٣/١٨

### أ- ژن و ژنخوازی وداب و نەریتی ژن گواستنەوە لەشاردێی کەورگۆسک

یەکەم/ لەناو کورد بەگشتی شارەدێی کەورگۆسک بەتایبەتی لەکۆنەوە لەبەر ئەوەی خەلک باری ئابوری باش نەبووە، بۆیە ژنهێنان کەم بوو، خەلک ئەوکات هەژار بوو ،زیاتر ژنیان لەنێوان دوو بنەماڵە ژن بەژنی دەکرا، پێشان ژنخوازی لەگەڵ ئێستا جیاوازی هەبوو لەبەرئەوەی جاران پارە و پول کەم بوو ژن بەماڵ نەدەهات بۆیە بەشی زۆری خەڵکی ژن بەژن یان گەورە بە کچیان دەکرد، ئەم جۆرە ژن هێنانە سەرکەوتوو نەبوو شەڕوو ئاژاوەی بەدوای دادەهات ([1])شایەنی باسە خەڵکی شارەدێی کەورگۆسک بەشێوەیەکی گشتی بەهەمان شێوەی دابوونەریتەکانی وەکو گوندەکانی دەوروبەری بوو، باب ژنی لۆ کوڕی خۆی دەهێنا لەدوو خەڵکی دەگێرایەوە (٣-٤) ڕۆژ شای دەگێرا بوکیان بە سوار دەگوازتەوە چونکە چاران ئوتومبێل نەبوو([2]).

### جۆرەکانی ژن هێنان

#### ١- ژن بەژنی

لەناو کۆمەڵگای کوردی ژن بەژنی جا گەورە بە گەورە یاخود بچوک تاوەکو سالانی نەوەدەکان لەسەر شێوازی جۆرەکانی ژن هێنان بوو ئەگەر چی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ئەم جۆرە ژن هێنانە زۆر دەگمەنە بەرەو نەمان چووە، ژن بەژنیکەش زیاتر لەنێوان خزم بوو بەتایبەتی لەنێوان ئامۆزاکان چونکە ئەو کوڕ و بنەماڵەیە یەکتری دەناسن خەرجی ژن هێنانەکەش کەمتر دەبوایە، بنەماڵەش ئەگەر کچەکەیان دەڕوات کە هاوکارێکی باش بووە لەبەرێوەبردنی ماڵ بەلام کچەکەیان نوێ کە دەکاتە بوکیان بۆ زیاد خۆی دەداتە بەر کارو باری ماڵی خەزووری و هاوریان دەبیت لەهەموو کارێکدا.

#### ٢- شیربای

جۆرێکی دیکە یان شیربای بووە واتا کاتێک کوڕێک چویتە داوای کچێک باوکی کچەکە پارەی وەردەگرت کە پێیان دەگۆت (شیربایی).

---

٢. کرێکار عبدلرحمان عزیز ،سەرچاوی پێشوو،لا٦٧٧

١. چاوپێکەوتن، خان قادر سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، بەروار،٢٠٢٤/٣/١٨

### ٣- ژن هەڵگرتن

جۆرێکی دیکەی ژن جا کورەکە لەبنەماڵەیەکەی خۆی یان بنەماڵەیەکی دیکە یاخود هۆزیکی دیکە، زۆرجاریش کارەساتی لێ دەکەوێتەوە بەڵام کوڕ و کچەکەیان لەیەکتر مارە دەکرد، چونکە وا باشتربوو ئەگەر کوڕ و کچ دڵیان پێکەوە بێت کوڕیش دین و ڕەوشتی هەبیت ئەوا لەسەر ناوی خواو پێغەمبەر(د.خ) هاوسەرگیریەکەم ئەنجام بدرێت. تاوەکو عاقیبەت بەخێربێت ببێتە دایک و باوک کوڕ و کچ بن نەوەک بیر لەکوشتنیان بکرێتەوە چونکە کوشتن کارێکی گەورەیە و لێ خۆشبوونی لای خوای گەورە ئەستەمە([1]).

### ٤- جۆرێکی دیکەی خواستن بەهۆی دڵداری:

جۆرێکی دیکەی خواستن بەهۆی دڵداری نێوان گەنجەکان، لەسەرکانی کاتێک کچان بەجلکی جوان بە نازەوە لەسەر کانی بەگۆزەی دەستیان سەرنجی گەنج و لاوانیان بۆ خۆیان رادەکیشا، لەسەر کون و ئێستاشدا چیرۆکی خۆشەویستی گەنجان هەیە ئەمەش خەریفەکە خودا بە مرۆڤی بەخشیووە. بەتایبەتی بەراستگۆی پاک و خاوینی و ماڵ دروستکردنی بێت نەوەکو بۆسوکایەتی دەست برینی یەکتر بێت([2]). مەرجی تریش هەیە کاتێک کە شوویان دەکرد دەچونە ماڵ و مێردی خۆی دەبوایە کابانێکی زۆر باش ئەمانە خوارەوە بوو.

١.تیک و درومان، واتا ژن هەموو جۆرە درومانێکی زانیبوایە لەبەدەستی خۆی جل و بەرگی ئافرەتان پیاوان بڕیبایە دواتریش بی دوریبایە.

٢. دۆشینی مالات بزانیت وەکو بن مەڕو مانگا.

٣. بەروماڵ، واتا ماڵی پاک و ڕێک بوایە.

٤. ئەکەر تەونی بزانی بایە ڕەنگین بوو([3]).

---

[1] کرێکار عبدلرحمان عزیز ،سەرچاوەی پێشوو ،لا٦٧٧

[2] کرێکار عبدلرحمان عزیز، هەمان پێشوو، لا٦٧٧

[3] حەمید ڕەشاش، ژیانی کوردەواری ، چاپخانەی حاجی هاشم ،(هەولێر:٢٠١٥)، لا١٢٦

**ب- ئاهەنگ و شێوازی ژن گواستنەوە لە شارەدی کەورگۆسک:**

لە شەوی پێش گواستنەوە خەنەبەندان دەکرا، کچەکان هەموویان دەستی خۆیان و کورەکانیش پەنچەی بچوک و نێو لەپی خۆیان خەنە دەکرد، هەندێک ماڵ مەولودیان دەکرد ئەگەر ماڵ خەڵکی یەک گوند بوونایە، هەر دەبوایە جێگەی بووک گۆرینەوە دیاری بکە دەبوایە هەر بووکەو بەربووکی لەگەڵ بێت ئەمە نەریتێکی کوردەواری بوو بوکیان سواری ماین دەکرد و سواری ئەسپ یان نەدەکرد چونکە ماین زاوزێ دەکات ئەسپ ناکات پێیان وابوو ئەگەر بووک سواری ماین بکرێت منداڵی دەبێت و نەزۆک نابێت ئەوکات بووک بەسواری ماین دەگوزرایەوە کاتێک بوو سواری ماین دەکرا جەهازی بووکەکەش لە هێستریک با دەکرا، عادەت وابوو بوک بەماین بگوازنەوە نەک ئەسپ، کاتیک بووک سوار دەکرا بەرێ دەکەوت وەبەربوکیش بەسواری هێسترەکە لەدوای بوک دەرۆیشت، دوو پیاوی خزمی زاواش لەچەپ و ڕاستی ماینی بووکدا دەرۆیشتن، بەربوکەکان بوکیان تەسمیلی یەکتری دەکرد هەر بەربوکەو بوکی خۆی دەهێناو سوراو دەبوونەوە بوک و بەربوکیش سوار دەبون و بەهەمان شێوە دەگەرانەوە، لەکاتی گەرانەوەدا ئەم گۆرانیەیان دەگۆت یەکێک دەیگۆ و نەوەکانی دەیانگێراوە، هاتینەوە هاتینەوە بوکمان هێناو گەراینەوە وەجێی ڕاخەن پالدەینەوە شیوی تیکەن ساربیتەوە  زۆرجار ٧شەو رۆژ دۆل و زوورنا دەگووترا و ڕەش بەرک دەکرا ([1]).

**١. شای شادی:**

ئەگەر کەمێک بۆ میلەتەکەمان بگەرێنەوە لاپەرەی گەش و پرشگندارەکانی هەڵدەینەوە دەبینن زۆر یادگاری بەتەم چێژی گرتۆتە خۆی کە ئەمەش بە نەمری ماوەتەوە یەکێک لەوانەش سازکردنی بەم هەڵپەرکی کوردەوارییە، وە لە ناوچەی کەورگۆسک شادی هەڵپەرکی هەبوە زۆربەی خەڵکەکەی چوار ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ شاییان دەکرد دەهۆڵ و زورناو جۆش خروشی گەورەترین شای رەشبەڵەکی لێ هاتووتە بەرهەم ساڵانێکی زۆر بەم کارانە خەریکن تا دەگاتە ئەمرۆ چەندین ئاهەنگ و هەڵپەرێکی حەوت شەو رۆژیان بەرێوەبردوە. ([2]).

---

[1]. کرێکار عبدالرحمان عزیز، مێژووی هۆزی زراری ،سەرچاوەی پێشوو، لا٦٧٨

[2]. کرێکار عبدالرحمان عزیز، هەمان سەرچاوەی پێشوو٦٧٨

٢. **گۆرانی بوک گواستنەوە**

گۆرانیەکانی بوک کواستنەوە زۆربوون وەکو(های جێلە،هاتینەوە ،بای شەمال ) ([1]).

لەناوچەی کەورگۆسک بوکیان دەرازاندەوە جل و بەرگێکی ڕێک و پێکی جوانیان لەبەر دەکرد وا باوبوو بوکیان بە ماین دەگواستەوە چونکە ماین زاوزێ دەکرد هەرچی ئەسپە وانەبوو وە بەربوکیشان لەگەڵ بوو بوکیان سواری ماین دەکرد و دەستیان دەکرد بە چەپلە وە ئەگەر بهاتبایە گوندەکان لێک دووربن ئەوە تەقەیان دەکرد، تاوەکو بزانن بوک نزیک بویتەوە ئەم سەردەم کلاوێک هەبوو پێیان دەگۆ(قوبە) ئەمەیان لەسەر بوکی دەکرد وە بەربوکیشان دەرازاندەوە پەنجەکەیان لە خەنەدەناوە لە سەردەم تەکنەلۆژیا وەکو پێشکەوتو نەبوو وێنەو شت بگرن لە بۆنەکاندا([2]).

## ٢- شێوازی جل و بەرگ

### أ- جل و بەرگی پیاوان

لە گرنترین جل و بەرگی پیاوان کە لە کۆندا هەبوون، کە زۆربەیان دەستکردنی خەڵکی ناوچەکە بوون ئەمانەن:

- **جامانەی سورو سپی**: جامانە تەنها لەسەر جل و بەرگی کوردی لەسەر دەکەن شێوازی گرێدانی جەمانە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر جیاوازبوو.
- **کولاو**: کولاو لەداوی سپی دروست دەکرا لەگەڵ جەمەدانی بەکار دەهات وە جەمەدانیان لێ دە ئاڵاند.
- **پەشمبەرگیز**: بەیەکێک لە جل و بەرگە ڕەسەنەکانی کوردی هەژمار دەکرێت.
- **شالاوار**: لە قوماشی دروست دەکراو تاکە مەڕ بوو.
- **پشتێن** : چەند مەترێک قوماش دەکرا بە پشتێن.
- **گۆرەوی** : گۆرەوی لەخوری مووی بزن ومەر دورست دەکرا زیاتر لەوەرزی زستان لەپێ دەکرا.

[1]- حەمید ڕەشاش، سەرچاوەی پێشوو،لا٦٧٨

[2]جاوپێکەوتن ، همین رسول محمد،ژنی مالەوەیە ، لەدایکبوی١٩٦٨، کەورگۆسک،بەروار ٢٠٢٤/٣/١٩

**چۆخەک**: لەخوری مەرەز دورست دەکرا وەک ئێلەگە وابوو،دەیانکردە شان و مل پەکەن،پۆشاکێکی درێژ و یەک پارچە بوو،لەخوری دورست دەکرا شوانەکان لەوەرزی زستان دەیان پۆشی

**کراس**: پارچە قوماشێک بوو لەکەمەرەوە تا شان مل دایدەپۆشی

**پێڵاو**: تا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش لەو دەقەو نەبوو ئەوەی هەبوو ڕەشک یان پێلاوی لاستیک ،کالک یاخود پێلاوی چەرم بوو،لەچەرمی گا یان مانگا دورست دەکرا،

-**ڕەشک**: لەمووی بزن دورست دەکرا دوو شریتی پێوە بوو،بۆ ئەوەی بە قاچەوە ببەسترێتەوە

_کالک: لەچەرمی ئاژەڵ دورست دەکرا ([1]).

**ب- جل و بەرگی ژنان**:

-پۆشی :چۆرە قوماشێک بوو ڕیشالی پێوەبوو،ژنە بەتەمەنەکان وەک چامانە لەسەریان گرێ دەدا

-دەسمال:لەپارچە قوماشێک دورست دەکرا،ژنان قژو سەر و ڕوومەتیان پێ دادەپۆشی

-کراس :یەک پارجەبوو لەبنی پێ تاشان و ملی ئافرەتی دادەپۆشی

-کورتەک(کەوێ): یەک پارجە بوو لەبنی پێ تا شان ملی ئافرەتی دادەپۆشی بەڵام،بەڵام لەدیوی پشتەوە زیاتر لەگەڵ کراس دەیان پۆشی جوانی ماقولی بەژنان دەبەخشێ

-فیستان: وەک کورتەک (کەوێ وابوو)لەبنی پێ تا شان ملی ئافرەت دادەپۆشی بەڵام دیوی پێشەوەی کراوە بوو،کەمەرکەشی کوریش(لۆچ)ی هەبوو

-لەوەندی: پارچە قوماشێک بوو بەئەندازەی مەترێک درێژبوو،بەقولی کراسەوە بوو سەری هەلدوو لەوەندیەکیان لەدیوی پشتەوە ،بەیەکەوە دەبەستەوە

-چارۆک:لەپارچە قوماشێکی ڕەش دورست دەکرا دیوی پشتەوەی ئافرەتی دادەپۆشی لەبۆنەو هەلکەوتەکان لەگەڵ کراس فیستان بەکاریان دەینا

-عەبا:لەپارچە قوماشێکی ڕەش دورست دەکرا لەبنی پێ تاسەری ئافرەتی دادەپۆشی. ([1]).

١. جگەر سۆز ، محمد سالح پێندرۆی ، ژیانی کەلتوری کۆمەلایەتی دەفەری مزوری بالا، چاپخانەی رۆژهەلات ،(هەولێر:٢٠٢٠)،لا٢١٥_٢٠١٦_٢٠١٧

٢. جگەر سۆز ، سەرچاوەی پێشوو،لا٢١٥_٢١٦_٢١٧

### ٣- جەژن بۆنەکان لە ناوچەی کەورگۆسک

لە کۆنەوە لەوڵاتی کوردەواریدا تەواوی ساڵ سێ جێژنی تێدا بووە.

### ١.جەژنی ڕەمەزان:

کە مانگێک بەڕۆژوو دەبێ، دەستوری خواوەند بەجێ دێنێ، دەست لە هەموو ناخۆشیەکی زاهیری هەڵدەگرێ چاو لە پاداشتی ئەولا دەبڕێ، لەبەرە بەیانیەوە هەموو لەشت لەسەرخۆشی و خواردن خواردنەوە دەست هەڵدەگرێ سەرکەوتن بەسەر زۆردارترین تێکەی لەشت کەنەفسە بەدەستی دێنی بەخۆشی ئەو خۆشییە ئەو جێژنە خۆشە دەگێڕی کە جێژنی ڕەمەزانە، ئەوە دەبێتە پێشەنگی چاکەی یەکجاری و گەڕانەوە بۆ لای دانەری هەستی و کڕنوش بۆ یاسای ئەو دوور کەوتنەوە لە ڕەوشتی پەستنی هەڵویستی خودا نەویستانە.

### ٢.جەژنی قوربان

لە کاتێکدا کە حەزرەتی لە کاتێدا کە حەزرەتی ئیبراهیم لەدەستی دا کەرەسەی بۆ شکاندن و بوتەکانی لەت و پەت کرد و ڕێگای بۆ دادوەری و یەکتاپەرستی هەموارکرد و خەڵکی لەزنجیرەی کۆیلایەتی و بەردەگی رزگار کرد. بەدونیای ڕاگەیاند کە کڕنوش هەر بۆ خودایە داواش هەر لەوە. لە کاتێکدا کە بڕیاری دا بەپێی ئەمری ڕەبی سەری ببڕیت تاقە کوڕەکەی خۆی، چۆن ڕاستی کرد بەراستی خودا لێی وەرگرتوو و قبوڵی کرد وە هەدیەی بۆ نارد بەجێگای حەزرەتی ئیسماعیل لەو کاتەوە جێژنی قوربان گەڕا بە ڕێوەڕەسمێک بۆ زیندوو کردنەوەی ڕێچکەی ڕاستی باپیرە گەورەی خۆمان حەزرەتی ئیبراهیم (د.خ) هەروەک خودای گەورەو پێغەمبەری خۆمان دەفەرموێ لەقورئانی پیرۆزدا (فضل لربک و انح)) یانی قوربانی بکەن و نوێژەکانیش مەچوێنن بە تایبەت نوێژی جێژنی قوربان و ڕەمەزان وە جگە لەم جەژنانە مەولودیش هەیە ([١]).. شایەنی باسە لە ناوچەی کەورگۆسک گشت پیاوانی ڕیش سپی و گەنجەکان و منداڵەکان بەرەبیان جل و بەرگی ڕێک پێکیان لەبەر دەکرد دەچ ن بۆ مزگەوت لەڕۆژی جەژندا گۆشت دەخورا . ئەوکات برنج کەم بوو ئەگەر ماڵێک لێی نابایە

١. مەلا مستەفا ڕەشیدی،هەگبەی بنار،چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی،(هەولێر:٢٠١٣) ،لا٢٦٥_٢٦٦

زۆربەی خەڵکی ناوچەکە دەیزانی، چونکە لەدوای نان خواردن هەموویان جێژنە پیرۆزەیان لەیەکتر دەکرد، خەڵکی ناوچەی کەورگۆسک بەشێوەیەکی گشتی لەجەژنی قوربان قوربانیان دەکرد، ئینجا هەبوو مانگا هەشبوو مەڕ یان جیسک،هەش بوو هەژار بوو توانای نەبوو خەڵکی گۆشتیان بەسەر یەکدی دابەش دەکرد.

٣. جەژنی نەورۆز جێژنیکی ئاینی نیە بەڵکو جێژنێکی نەتەوایەتییە([١]). کورد وەک میللەتیکی ئاری بەبۆنەی کۆتای ساڵ و دەستپێکردنی ساڵێکی نوێ کە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا، یەککەوتوو لە دێر زەمانەوە لە(٢١)ی ئازار لەهەندێ ناوچەشدا چەند ڕۆژێک دواتر تا دەگاتە سەرەتای نیسان، ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی گێڕاوە وە هەروەها شەوی (٢٠) ئازار ئاگر لە زۆربەی ناوچەکان دەکرێتەوە لەزۆربەی ناوچەکان بگرە لە شارەکان ڕێوە ڕەسمی تایبەتی بۆ دەکرێ بەڵام ئەو ڕێوە ڕەسمانە بەم سالآنەی دوای دروست بوونە پێشتر ئەو ڕێوە ڕەسمانە نەدەکرا تەنیا لەگوندەکان ئاگر دەکرایەوە([٢]).

---

١. ابراهیم ڕسول محمد، لەدایکبوی ١٩٦٥، سەرچاوەی پێشوو، بەروار/ ٢٠٢٤/٣/٢٠

٢. د.فاروق عومەر سدیق،د.زرار سدیق، د،مولود ئیبراهیم حەسەن، د.عبدولڕحما مزووری،جەزنی نەورۆز، بلاوکراوەی ئەکادیمای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم ،(هەولێر:٢٠١٣)، لا٧

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی توژینەوەکەمان دا ئەو چەند خاڵەی خوارەوە تێبنی دەکەین:

١. ناحیەی کەورگۆسک کۆمەڵگایەکی زۆرە ملێ بوو کە حکومەت بۆ مەبەستی سیاسی دروستی کردبوو وە لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ناوچەیەکی سیاسی گۆڕا بۆ ناوچەیەکی شارستانی.

٢. بۆمان دەردکەوێت کە ناوچەی کەورگۆسک ناوچەیەکی تەختاییە ، وە خاکەکەی بەپیتە،زۆر گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، تێکرای بارانی ساڵانەی دەگاتە(٢٩٩,٦).

٣. ناوچەی کەورگۆسک دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٢٤.٣٦) ،(٣٦.٤٢) باکور وە دەکەوێتە هێڵەکانی (٣٥.٤٥) ،(٣٩.٥٠) ڕۆژهەلات . بەم شێوەیەش (١٦) گوند دەگرێتە خۆی.

٤. هۆکارە کۆمەلایەتی و ڕامیاریەکان کاریگەریان لەسەر شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان هەبووە و بە زۆری پەیوەندی خزمایەتی بوەتە هۆی کۆبوونەوەی دانیشتوان لە نزیک یەکتری وەکو گەڕەکی سورچیان و شیوەڕەشیان.

٥. لە ٪٥٨.٩خەڵکی ئەم ناوچەیە لە شاردا نیشتەجێن و لە ٪٤١ لە گوند نیشتەجێن.

٦. لە لایەکی دیکەوە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە بەربوومی کشتوکاڵی بەتایبەتی بەربوومی زستانە و هاوینەو وە هەروەها بەروبومی ئاژەڵی.

٧. دەرکەوتنی چەند یەکەیەکی پیشەسازی گرنگ لە ناوچەی کەورگۆسک بەتایبەتی پالاوتنی نەوتی کەورگۆسک بەگرنگترین پیشەسازی دادەنرێت لە هەرێم ناوچەکەدا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: پەرتووکە کوردییەکان:


١- جگەر سۆز، ژیانی کەلتوری و کۆمەلایەتی دەڤەری مزووری باڵا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر:٢٠٢٠

٢- جمال رەشید، ئەحمەد فەوزی رەشید، مێژووی کۆنی کورد، وەرگیرانی ملکۆ گەردی ، چ(٢)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی:٢٠١٢.

٣- حەمید رەشاش، ژیانی کوردەواری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر:٢٠١٥.

٤- د فاروق عومەر و زرار زبێر و مولود ابراهیم، جەژنی نەورۆز، بلاوکراوەی ئەکادیمی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر:٢٠١٣

٥- دابلۆ ئارهای، دووساڵ لە کوردستان، وەرگیرانی لوقمان باپیر، چ(٢)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر:٢٠١٨

٦- علی ئەحمەد غانم، جوگرافیای ئاوهەوا، وەرگێرانی گۆران رەشید ئیمامی، بلاوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، ژ(٥٨)، سلێمانی:٢٠٠٩

٧- عەباس سلێمان سمایل، مێژوو دەشتی هەولێر، ب(١)، لە بلاوکراوەکانی سەعدی شێخانی، ژمارە(٦٧) ،هەولێر:٢٠٠٥

٨- عبداللە غەفور جیوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی رەنج، سلێمانی:٢٠٠٨

٩- عبداللە غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ(٤)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر:٢٠٠٥

١٠- عبداللە غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ(٦)، چاپخانەی هاشم، سلێمانی:٢٠١٢

١١- فاتیمە قادر مستەفا ، دابەشبوونی دانیشتوانی هەولێر، چاپخانەی رەنج، سلیمانی:٢٠٠٨

١٢- م یوسف سەعدی فاروق یوسف شێخ بزینی، شاری هەولێر، چاپخانەی ژیان، هەولێر:٢٠٠٦

١٣- مولود بێخاڵی، هەولێرم وا دیوە، ب(١)، چاپخانەی دارلنون الثقافە الحامە، بغداد:١٩٩١

١٤- مەلا مستەفا رەشیدی، هەگبەی بەنار، چ(١)، چاپخانەی موکریانی، هەولێر:٢٠١٣

١٥- هۆشیار عبداللە، ئاشە ئاوییەکانی دەشتی هەولێر، ئیسکۆلۆبیای هەولێر، ب(٦)،شارستانی کۆمەلایەتی، چ(١) ، چاپخانەی گرین کالۆری، لوبنان:٢٠٠٩


### دووەم : پەرتووکە عەرەبییەکان:


١- فلاح جمال واخرون، جغرافیە العراق الطبیعیە واسکانیە ولاقتصادیە دراسە فی الجغرافیە الاقلمیە المطبحە دار دجلە،عمان:٢٠١٦

٢- مدرییە الاثار العامە، المواقع الاثریە فی العراق، من مطبوعات مدریە الاثار الحامە بالعربیە،بغداد:١٩٧٠


Comment [h2]: لاپە

Comment [h3]: لاپە

**سێیەم : نامەی زانکۆی ماستەرو دکتۆرا:**

- ١- بارزان ڕەشید محمد، ڕووپیوی شوێنەوارو کەلەپورییەکانی شارەدێی کەورگۆسک، نامەی ماستەر نامەی بلاونەکراوە زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر:٢٠٢٢
- ٢- بەفرین محمد اسماعیل، کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر:٢٠٢٣
- ٣- ڕەنجدەر کامەران ڕحمان، توانستەکان گەشە پێدانی لادێی لە قەزای دەشتی هەولێر، نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر:٢٠١٦
- ٤- ساکار کمال محمد، توانستە جوگرافیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لەقەزای ئاکرێ، نامەی ماستەر نامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر:٢٠١١

**چوارەم: چاوپێکەوتەکان:**

١. ادم ڕۆستەم ،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٤
٢. ابراهیم ڕەسول، بەروار٢٠٢٤/٣/١٦
٣. ابراهیم کەرەم، بەروار ٢٠٢٤/٣/٨
٤. ادریس حسن، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
٥. اسعد مجید، بەوار ٢٠٢٤/١/٢٩
٦. ایمان جبی، بەروار ٢٠٢٤/٢/٥
٧. بەناز کریم، بەروار،٢٠٢٤/١/٢٣
٨. جوهر عزیز، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
٩. حسن سورچی، بەروار٢٠٢٤/١/٢٢
١٠. حسن فارس، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
١١. خان قادر، بەروار ٢٠٢٤/٣/١٨
١٢. خورشید خان،بەروار ٢٠٢٤/٣/١٨
١٣. رمضان کریم خان ،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٥
١٤. رزگار ولی،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٠
١٥. زائید انور،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
١٦. زەید ڕۆستەم،بەوار ٢٠٢٣/٣/١٥
١٧. شەمسەدین تەلعەت ،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٧

١٨.صديق محمود ڕەشكە،بەروار ٢٠٢٤/٢/٣
١٩.صباح عبدالله، بەرواری ٢٠٢٤/١/٢٢
٢٠.عيسى جبار مجيد، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٧
٢١.عوسمان عزيز عوسمان، بەروار ٢٠٢٤/٢/٣
٢٢.عبدالله احمد،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
٢٣.فەتاح عبدالله، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٤
٢٤.كەيفى فاضل ،بەروار ٢٠٢٤/٣/١٦
٢٥.محمد سعيد، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
٢٦.نەسروللە خدر،بەروار ٢٠٢٤/١/٣٠
٢٧.هاورى ابراهيم ،بەروار ٢٠٢٤/١/١٨
٢٨.هاڕوون ڕەشيد،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٢
٢٩.هێمن ڕەسول ،بەروار ٢٠٢٤/٣/١٩
٣٠.يادگار اسماعيل،بەروار ٢٠٢٤/١/٢٥
٣١.يوسف على ، بەروار ٢٠٢٤/١/٢١
٣٢.نصردين عباس، بەروار ٢٠٢٤/١/٢٣

**سەرچاوەی ئەنتەرنێت:**

١- سەرچاوە https://fb.watch/pTLx-j3OOu/?mibextid=Nif5oz

٢- كەورگۆسک. http.www.hawler.org، 11\1\202


٣- WWW .hawler.org. 29/1/2024

٤- سەرچاوەی ئەنتەرنێت https://www.basnews.com/so/babat/419982


٥- ٢. بەرنامەی تەلەفزیۆنی كوردستان تیڤی، لینكی

https://www.facebook.com/share/v/mE2MTU8so5KzAgkA/?mibextid=oFDknk


## پاشکۆ




نەخشەی ١ سنوری پارێزگای هەولێر بەگوێرەی عێراق وەرگیراوە، لەلایەن بارزان ڕەشید محمد





نەخشەی ٢ نەخشەی بەرزی و نزمی تۆبۆگرافی پارێزگای هەولێر وەرگیراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندان، دەستەی هەرێم نەخشە سازی.




**نەخشەی ٣ هەڵکەوتەو سنوری کارگێڕی قەزای خەبات، وەرگیراوە  لە دەستەی ئاماری هەرێم ٢٠٢٢.**





**نەخشەی ٢ بەرزو نزمی تۆپۆگرافی قەزای خەبات وەرگیراوە لە دەستەی ئاماری هەرێم ٢٠٢٢**




نەخشەی٣ کارگێری شارەدێی کەورگۆسک وەرگیراوە لە
((دەستەی ئاماری هەرێم٢٠٢٢



تاوەری کەلەپوری ئاوی زێی گەورە گوندی ئیفراز
وێنە، بارزان رەشید



پەیژە ئاسنینەکانی ناو تاوەرێی پێوەری زێی گەورە
وێنە، بارزان رەشید



ئاشی شێخی چۆلی گوندی ئاخولان
وێنە، بارزان رەشید



**دەرچەی چونە ژوورەوەی ئاوی زێی بۆ ناو قوللەو پێوەری ئاو**
**وێنە ،بارزان رەشید**




**شارەدێی کەورگۆسک لەسالی ۲۰۱۰**
**وێنە ، پەیجی کەورگۆسک**




**شەهیدانی کەورگۆسک، لەشەری تیرۆستانی داعش**
**وێنە،توێژەر**




**شارەدێی کەورگۆسک لەسالی ٢٠١٠**
**وێنە ، پەیجی کەورگۆسک**



کەمپی پەنابەرانی ڕۆژئاوای -سوریان
وێنە. پەیجی ڕووداو

زانكۆى سەلاحەدین- هەولێر

Salahaddin-University-Erbil

Submitted to the department of (History) inpartial fulfillment of the requirements for the degree of B.A or in (History)


**Prepared By:**

**Hasan khan qadir**

**Supervisor:**

**Ms. Sharmeen Abdulkareem**


**2023-2024**